هۆنراوە و پەخشان



# خونچەی گوڵستان

نوسینی

د.خاکی

چاپی یەکەم

٢٠٢١

# خونچەی گوڵستان

نوسینی

خاکی

2021

# بەناوی خودای گەورەو میهرەبان



## بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

- ناوی کتێب : خونچەی گوڵستان

- نووسەر: د.خاکی

- چاپ: چاپی یەکەم

- چاپخانە : ناوندی سارا

- تیراژ: 500 دانە

- ساڵ: 2021

- دیزاینی کتێب: م . نگین حمەخان

- ژمارەی سپاردن : لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (1935) ی ساڵی 2021 ی پێدراوە .

مافی لە چاپدانەوەی ئەم بەرهەمە پارێزراوە تەنها بۆ نوسەر

# نـــاوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| ناوەڕۆک ........................................................................ | 4 |
| پێشکەشە.......................................................................... | 10 |
| برینی دڵم......................................................................... | 11 |
| پێشەکی نوسەر ................................................................. | 12 |
| کورتەیەک دەربارەی ژیانی خاکی......................................................... | 15 |
| پەیامە ڕۆحیەکان.................................................................. | 18 |
| بیر خستنەوەیەک................................................................... | 20 |
| خۆشەویستی لای خاکی ........................................................ | 22 |
| پشوی گوستان ................................................................... | 26 |
| خونچەی گوڵستان................................................................. | 27 |
| گڕوگاڵی خونچەی گوڵستان ................................................... | 28 |
| وەحشەت ....................................................................... | 30 |

خۆشم ئەویت ............................................................. 32

بەهاری دێرەووەخت ...................................................... 33

سێبەری تۆ.............................................................. 35

گوڵستانی دڵ............................................................ 38

هاواری رۆح................... ............................................ 39

ئازیز وەک شەماڵ........................................................ 41

لەگەڵ هەورا ........................................................... 42

من بۆنی تۆم لێدێت...................................................... 43

بۆ شەهیدێکی سوتاو...................................................... 44

مەلەکوتی ئەوین.......................................................... 46

من کێم .................................................................. 47

چرپەی عشق............................................................. 48

تۆش خوات لەگەڵ ........................................................ 52

هەرتۆ جوانی............................................................ 57

زیندانی عشق ............................................................ 58

هەناسەی عشق.................................................................. 59

ئازیزەکەم....................................................................... 54

هەر خۆت بڕۆ................................................................... 61

تریفەی عشق.................................................................... 65

شەوی شکۆدار................................................................... 66

کاتێک باوک ئەگری.............................................................. 68

شەونمی مەرگ................................................................... 69

شەڕی ڕۆح و جەستە.............................................................. 70

بەهەشتی من..................................................................... 72

نیشتمان چەمکێک گەورەتر لە پارچە زەویەک.......................................... 73

مەولودی گوڵ..................................................................... 76

ووچانی ڕۆح....................................................................... 79

جەژنی سپی....................................................................... 80

وەرە ڕۆحم داگیرسێنە.............................................................. 82

هەناسەی گوڵ...................................................................... 84

مانگی نور...................................................................... 86

کۆچی گەنجان.................................................................... 88

ئایلان پەیکەری مەرگی پیرۆز.......................................................... 91

ماچی باران...................................................................... 94

تنۆکی وەفا...................................................................... 96

ئەنفال زامی رۆح و هاوارێکی هەمیشەیی........................................... 100

بۆنی هەناسەت.................................................................... 101

ووتم ئەم شەو.................................................................... 102

هەناسەی دڵ...................................................................... 104

ئەسرینەکان مەڕۆن................................................................. 106

عەرەفە یان کێوی رەحمەت.......................................................... 107

هەواری قەدر..................................................................... 108

پایزی تەمەن..................................................................... 110

هەناسەی عشقی بەهەشتی............................................................ 112

هەناسەی تۆ...................................................................... 113

مانگی من ئاوا نابێت........................................................ 115

من لەچەشنی مانگم........................................................ 116

سەحەری عشق........................................................ 117

خۆشەویستی وەک باران وایە ........................................................ 118

شەماڵ ئامان........................................................ 119

ڕۆژی عشق........................................................ 121

شینی نێرگز........................................................ 124

دڵی شێتم........................................................ 128

ئەی زەمەن........................................................ 129

تۆ بباریٚ........................................................ 130

ترپەی دڵ........................................................ 132

بۆ شەماڵی نەسیمی دڵ........................................................ 133

تۆ بۆنی خاکت لێدیٚت........................................................ 134

نەسیمی دڵ........................................................ 135

شەماڵ وەرە........................................................ 138

سەمای دڕک............................................................................ 139

هاواری تۆ ......................................................................... 141

بەهاری دڵان.......................................................................... 143

خونچەی نور.......................................................................... 145

پەریە سپیەکان........................................................................ 146

ڕایەڵەی خەم.......................................................................... 147

هۆ گیانەکەم.......................................................................... 150

بەڕواڵەت کەرامەت و شکۆمەندی ناپێوڕێت................................................ 151

بێڕێزی بەپیرۆزیەکان و هەڵوێستەیەک...................................................... 156

وەختامە میسک........................................................................ 159

ئێستا بزانین لەڕووی ڕۆحیەوە لەکوێداین................................................. 161

سلاو لەنێرگز......................................................................... 163

ووتەی کۆتایی ........................................................................ 164

# پێشکەشە

- بەرۆحی پاکی ئەو خۆشەویستەی هەمیشە ئیلهامی عشق و مەحەبەتی لێ وەردەگم و نوری چاوەکانم
- بەو مرۆڤانەی عاشقی راستەقینەن و دوای ئارەزوەکانیان نەکەوتوون
- بەو مرۆڤانەی بەهای مرۆڤایەتی لەناخیاندا ڕیشەی داکوتاوە شکۆمەندانە ئەڕواننە مرۆڤ
- بەو مرۆڤانەی سەرتاپایان خۆشەویستیە هەوری ئەندێشەیان تەنها بارانی خۆشەویستی لێ دەبارێت
- بەومرۆڤانەی رق و کینەیان ولاناوە دڵیان لە ژەنگ و ژاری ئەم دەردە پاک کردووە و هەمووشتێکیان خۆش دەوێت.
- بەو مرۆڤە جوانانەی ئامانجی گەورەیان خزمەتکردنە بەمروڤایەتی و ئاوەدانی و ژیانسازی



## برینی دڵم........

وانەزانی زامەکانم سارێژ بووە

کەنابیسیت چۆڕەی خوێنم

دە سەیری سیبەرەکەم کە

چۆن لەت لەت کەوتۆتە شوێنم

## پێشەکی..........

سەرەتا بەناوی ئافرێنەری ئاسمانەکان و زەوی و سەرچاوەی سۆزو میهرەبانی، وە درووود و میهرو بارانی مەحەبەت و ئەوین و رەحمەت بباریێتە سەرگیانی پاک و پیرۆزی پەیامبەری خۆشەویست و مامۆستای عشق و ئەوین و وەفاو راستگۆیی و خاوەنی بەها باڵا کانی مرۆڤ بوون و پێوەری جوانیەکان، وە بۆ گیانی عاشقان و دۆستانی تارۆژی پەسلان.

سوپاسی شایستە بە زاتی پەروەردگار کە ووشە ناتوانێ بینووسێ و زمان ناتوانێ دەرببڕێ، سوپاسێک هەڵقوڵاوی دڵ و یەکەیەکەی خانەکانی جەستەمە، خودایە سوپاست دەکەم بۆ هەموو نیعمەتەکانت کە ئامارناکرێن، خودایە سوپاست دەکەم بۆ ئەوەی تەمەنت پێدام تا سۆز و عشقە وەنەوشەییەکەم بنوسمەوە بیکەمە ملوانەکەو بیکەمە ملی عاشقانی پەیامبەری ئەزیزم، سوپاست ئەکەم ئەی پەروەردگارم کە زمانت پاراوکردم تا بەزمانی ناسک و تێکەڵ بە ئەسرینی چاوەکانم سۆزو خۆشەویستی ناخم بخەمەسەر دووتوێی ئەم پەڕانە و پیشکەشی کەم بە خۆشەویستانم، بەو هیوایەی ئەو ساتانەی ئەم دنیا فانیەم جێهێشتووە و لەژێر خاکا مەنزڵم گرتووە و کەس ناوم نابات و کەس سەردانم ناکات و لەبیر چومەتەوە ئەو کاتە ئەم پەرتووکەی کە سەراپا خۆشەویستیە بۆ خۆشەویست و نوری چاوەکانم ببێتە شوێنەواری (ئاثاری) خێر و بەندەیەکی پاکت لە کاتی خوێندنەوەی ئەم ووشە نارێک و ناشایستەو شێتانەیەدا

دوعایەکی خێر و یادێکی چاکەمان بکات و وەک دڵۆپە بارانی ڕەحمەت لە گۆڕا ڕامچڵەکێنێ و لێوی ووشکمی پێ تەڕکەم.

خودایە من شاعیر نەبووم و زانستی هۆنراوە و پەخشان و ڕەوانبێژیم نەخوێندبوو، زانستی ژیان و زیندەگی و چۆنیەتی ژیانی خانەو زیندەوەرزانم خوێندوە، وەلێ بەزمانی دڵ و بە عشقەوە سەیری مخلوقات و ئافرێنراوەکانتم کردوە، بەبایەخەوە سەیری ژیان و ژینگەم کردوە و هیچ کات ئافرێنراوێکی تۆم بەسوکی و بێبایەخ سەیر نەکردوە، هیچ کات مێرویەک یان گوڵێک یان پەروانەیەک تەنانەت مێشێک م بێبایەخانە سەیر نەکردوە وام زانیوە لەزمانی تێدەگەم و لەکاتی تەنگانەدا هەرچەند توانیبێتم چووم بەدەم هاواریەوە و تاپێم کرابێت ڕزگارم کردوە، منداڵ و خوێندکارەکانیشم بەم ڕێگەیە ئاشناکردوە، خودایە من لەم قوڵای هەست و سۆزەوە کە تۆ پێت بەخشیووم دەستم داوەتە پێنووسەکەم و ووشەسازی دەکەم و تێکەڵی سۆز و ئەشکی چاوەکانمی ئەکەم و تابلۆی بێدەنگی خامۆشی لێ دروست دەکەم، ئەی خودای گەورە و میهرەبان تۆش ئەم کارەم لێوەرگرەو جوانی بکە لەلای بەندەکانت و بیکە مایەی خێری دنیاو قیامەت بۆ من و خوێنەران، ئاواتەخوازم ووشەکانم ببێتە مایەی چێژی ڕۆحی و ئاسودەیی دەروونی بداتە ئەوانەی بە عشقەوە ئەی خوێننەوە لەو نێوەندەدا منیش لەیاد ناکەن و بەنزایەکی نێرگزی بەسەرم دەکەنەوە.

ئەزیزانی من ئەم پەرتووکە کۆمەڵە هۆنراوە و پەخشانی عیرفانی لەخۆدەگرێت کە بەخۆشەویستی شێخ و عارفی گەورە (شێخی سعدی شیرازی) ناوم ناوە خونچەی گوڵستان وەک ئەدەبێک بۆ شاکارە جوانەکەی گوڵستان من ئەم کارەی خۆمم بە خونچەیەک لەو گوڵستانە جوانەی شێخ ناوزەندکردوە بەو هیوایە شایستەی ئەوەبێت وە بەرێزتان چێژو بۆنی گوڵستانی لێبکەن.

د.خاکی 2021

**24 گەلاوێژی 2721**

## کورتەیەک دەربارەی ژیانی خاکی............

خاکی ناوی عبدالله ئەحمد حمه یە و لە ناوەراستی ساڵی حەفتاکان لە بەرواری 1974 لە شارۆچکەی پێنجوێن لە گوندە گوڵستانەکەی هەڵاڵەئاوا لە ناو بنەماڵەیەکی کەشاوەرز و و فەلاح و ئاین پەروەر و نیشتمان پەروەر چاوی بەدنیا هەڵهێناوە وە لەبەر پابەند بوونی باوکی بە ئاینەوە نازناوی سۆفی ئەحمدی لێنراوە و بە ئەحمدی حمەڕەشەدێی ناسراوە، وە تائێستاش کانی و کارێزی ئەوسەردەمە لە ڕۆژ هەلاتی کوردستان لەگوندی ڕەشەدێ بە کانیەکەی حمەڕەشەدێی ناسراوە و وە بەو ناوەوە ماوەتەوە.

خاکی لە ناو جەرگەی نسکۆو نەهامەتیەکان و داگرتن و ڕاگواستنی گوندەکان و کۆکردنەوەیان لە ئۆردوگا زۆرەملێکاندا کە لەلایەن ڕژێمی پێشووی بەعسەوە ئەنجامدرا، دەستی کردوە بە خوێندن و قۆناغەکانی خوێندنی هەر ساڵە و لەناوچەیەک تەواوکردوە پاشان خوێندنی ناوەندی و دواناوەنیشی لەگەڵ کۆچ کردن و ماڵ گواستنەوە ماڵ بەکۆڵی لە قوتابخانەکانی شاری سلێمانی تەواوکردوە و پاشان لە سەرەتای نەوەدەکاندا لە زانکۆی صلاح الدین لە هەولێر لە کۆلیجی زانست بەشی ژیان زانی (Biology)وەردەگیرێت بەکەم دەرامەتی و هەژاری درێژەی بە خوێندن داوە و بەپلەکی باش لەدەیەکەمەکانی بەشەکەی بروانامەی

**بەکالۆریۆسی بەدەست هێناوە، پاشان دوای چەندین هەوڵی یەک لەدوای یەک و بەشداری کردن لەتاقیکردنەوە بۆ خوێندنی ماستەر لەزانکۆکانی هەریم و دەرەوەی هەرێم کۆڵی نەداوە و لەمپەرە جۆربەجۆرەکان و نادادگەریەکان ساردی نەکردۆتەوە و دواجار لە زانکۆی صلاح الدین لە هەولێر وەرگردەگیریت و بروانامەی ماستەر بەدەست دەهێنیت لەساڵی 2007، پاشان شان بەشانی وانەوتنەوە لە زانکۆ و پەیمانگاکان دەست بەخوێندنی دکتۆرا دەکات و لەزانکۆی دهۆک وەردەگیرێت و بەهاوکاری زانکۆی مالایە ی مالیزی بروانامەی دکتۆرا لە بواری وردیلەزانی و مشەخۆرزانیدا بەدەستدێنێت لەساڵی 2013 و بەردەوام لەهەوڵی ئەنجامدانی تویژینەوەدادەبێت و زیاتر لە 30 توێژینەوەی زانستی لە گۆڤارە زانستی و ئەکادیکیەکانی ناوەو دەرەوەی کوردستان بلاوکردۆتەوە وە بەشداری دەیان کۆنفرانسی زانستی نێوخۆی و نێودەولەتی کردوە وە تائێستا بەردەوامە لە وانەوتنەو کاری توێژینەو کاری ئەکادیمی و نوسین گەشەپێدانی مرۆیی. هەر لەسەرەتای گەنجیەوە حەزی لەنوسینی شیعرو پەخشان بووە و چالاکانە لە ئاهەنگ و بۆنەکانی قوتابخانەکاندا شیعر و پەخشانی دەخۆندەوە و سەرەتای دەستکردن بەنوسینی شیعر و پەخشان لای خاکی ئەگەڕێتەوە بۆ ناوەراستی نەوەدەکان و تەمەنی زانکۆیی.**

خاکی ئەم نازناوەی بۆخۆی هەڵبژاردوە وەک ئاماژەیەک بۆ دروست بوونمان لەخاک و گەرانەوەشمان بۆ باوەشی ئەم خاکە وە نوسینەکانیشی زیاتر عیرفانی و ڕۆحین تا وەک جەستەو ڕوح ژیان دروستبکەن پێکەوە. لەم پەخشانەشدا ئاماژە بەوەکراوە بۆ خاکی بوەتە نازناوی:

## بۆ نازناوی خاکیم هەڵبژاردوە........

کەسەیری پەنجەکانم ئەکەم مشتێ خۆڵ و کەسەیری خاکیش ئەکەم عشقێ زۆر، بزەی خاک بۆ باران هەروەک منداڵیمانە بۆیاری، جریوەی پاساریەکانیش ساتەوەختی پێکەنینمانە ،لەروخسارمانا بزەو جارجاریش گرژی ، هەر دیمەنەکەی خاکە، ساتێ بەهار و دواتر سەمای گەڵاوەریوەکان، هەندی بێ بەزەیی و خۆ ویست هەندێ پرمیهر و بەخشندە، هەنێ ڕوخسار گەش و دڵ سپی، هەندێ تر خۆش گوفتارو بەد کردار، هەموو ئەمانە هەر جۆرە جیاوازەکانی خاکە، ئەوەتا سەوەزەڵانی و بەهەشت ئاسایە هەندێ شوێن و لەولاشەوە ڕوتەلانی و بێ بەرهەم، هەندی خاک بەردەلان و هەندی تر گۆماوە هەندی دڕکەڵان و هەندێ تر گولستانە دواتری هەمووی نشتمانە.

## پەیامە ڕۆحییەکان.................

ڕۆح ئەو داینەمۆییەی ژیان و زیندویتی ئەداتە ئافرێنراوەکان و دەبێتە ناونیشانی ژیانی تاک و و هیچی تر لە ڕەنگ و ئاکار و تایبەتمەندیەکانی نازانین، ڕۆح ئەزانین چەند شیرینە و ئەزانیین فەرمانێکی ئیلاهیەو پیرۆزە و بە ڕای زۆریک لە بیرمەندانیش ناتوانین صیفەتەکانی مادەی بەسەردا پیادەبکەین وە بڵێن ڕۆحی سوکە یان قورسە یان روحی پاکە یان پیسە چونکە ڕۆحەکان بەشێکن لە ڕۆحی ئیلاهی و زیندوێتی ئەبەخشن. و بیرمەندان وای بۆ چوون کە ڕۆح تاقی ناکرێتەوە ئەوە نەفسە تاقیکردنەوە لەسەر زەوی ئەنجام ئەدات، ڕۆح و خاک خوارەوە و سەرەوەی هۆڵی تاقیکردنەوەکەن، مرۆڤە سەرکەوتووەکان بەرەو سەرەوە هەڵدەکشێن و ڕۆحانی دەبن و نزیک دەبنەوە لە ئافرێنراوە پاکەکان، وە مرۆڤە مادەگەراکانیش ڕو لە خوارەوە دەکەن و جازبیەتی (کەمەنکیشی) مادە و خاک بەرەو خۆی کەمەنکێشیان دەکات و لە بەشە ڕۆحیەکە کاڵ دەبنەوەو نزیک دەبنەوە لە ئافرێنراوە شەرانگێزەکان.

ڕۆح ئەو نهێنیەی مرۆڤی پیرۆز و شکۆمەند کردوە، ڕۆح ئەو نهێنیەی توانای شاراوەی جۆراوجۆری داوەتە مرۆڤ و کەمێک لە مرۆڤەکان دەگەن ئاستەباڵاکانی ڕۆح و پیادەی هەندێک لەو توانیانە دەکەن.

ڕۆح ئەو هێزە نادیارەی مرۆڤەکان لەخاڵی ڕۆحانی بووندا دەگەیەنێت بەیەک هەموان پەیوەست دەکاتەوە بەدنیای ڕۆحانیەوە وەلێ کەمن ئەوانەی لەم دنیای بەرائەتە تێدەگەن و پەیامەکانی شیکار دەکەن.

ڕۆحەکان ئاشنان بەیەک و پەیتا پەیتا پەیام ئەدەنە یەکتری هەر بۆیەش مرۆڤەکان هەندێک جار کە بۆ یەکەم جار یەک دەبینین خۆشەویستیەکی شاراوەیان هەیە بۆ یەک یان یەکیان خۆش ناوێت لەدیداری یەک بێزار و ناخۆش حاڵن ئەمە پەیامی ڕۆحەکانن کە لەمرۆڤەکانەوە ئەگەنە یەک بەڵام ئەوانەی لایەنە ڕۆحیەکانیان باڵایە و بەهێزترە لەلایەنە مادیەکانیان هەر ئەوانە ئەتوانن ئەم پەیامانە بەروونی درک بکەن.

بەسادەیی ئەو کاتەی ڕۆحت ئالودەی کەسێکە و لەخۆتەوە حۆشت ئەوێت ئەوە ئاوێتەبوون و هاورێکی ڕۆحەکانەو زۆرترین خاڵی هاوبەشتان هەیە لە شتە جەوهەریەکاندا هاوڕان پیرۆزیەکانتان لەیەکەوە نزیکن، ئەوکاتەش خۆشت لەکەسێک نایەت ئەوش ئاماژەی بوونی خاڵی گرنگە لەڕووی ڕۆحیەوە تێڕوانینتان جیاوازە، بۆیە ئەو مرۆڤانەی لە یەکەم بینینەوە خۆشت ئەوێن گرنگیان پێبدە و ووزەیان لێوەرگرەو بیانکە هاوڕێو هاودەمی ژیانت وە ئەوانەش کە تێبینی ڕۆحیت لەسەریان هەیە بە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکە و ڕێز و قەدریان بگرە و هەوڵبدە بەرکەوتەی دژبەیکتان کەمبێت چونکە کەمتر ئەتوانن بەرامبەر یەک

لێبوردەبن و خاڵە جیاوازیە ڕۆحیەکانتان هۆکارن بۆ ئاڵۆزبوونی پەیوەندیەکانتان تا بەباشی ئاشنای یەک دەبن و خۆشەویستی و لێبوردەیی و بەخشندەیی بەسەر تانا زاڵ دەبێت وردەوردە ڕۆحەکانتان ئاشنای یەک دەبن.

خاکی

## بیرخستەنەویەک....................

**بیرت نەچێ....**

کەهەناسەدەدەیت بیرت بێت کەسانێک ناتوانن پڕ بەگەروویان هەوا هەڵمژن و تەنگەنەفەسن، کە هەنگا وئەنێت بیرنەچێت کەسانێک بەئامێری تایبەت ئەجوڵێن و خاوەن پێداویستی تایبەتن (کەم ئەندامن)، کە منداڵەکەت لەئامێز دەگریت و یاری لەگەڵ دەکەیت و چێژ و ئارامی لێوەردەگریت بیرت نەچێت کەسانێک لەم نیعەمەتە گەورەیە بێبەشن و هەموو ژیانیان بەچاوەڕوانی منداڵێک و بەتەنهایی و لەماڵێکی بێدەنگ و بێ گریانی منداڵدا بەسەردەبەن، کە لەسەر خوانەکەتان کۆدەبنەوە و سەر سفرەکەتان پرپڕە لە خواردنی هەمەچەشن و جوان ڕازاوە و بەچێژ ئاگاداربە خوانی بێناز زۆرە و زۆر کەس نانی ووشک و چای بەئاسانی دەست ناکەوێت، کە پۆست وپلەیەکت هەیە کەشخەیی و فیزی پێوەمەکە و وامەزانە ئەوە تۆی شایستەیت و خەڵکی پێویستیان پێتە بزانە کەسانی تر هەن لەتۆ شایستەترن

و ئەو چانسەیان بۆنەڕەخساوە کەبۆتۆ هاتۆتەپێش بۆیە باش پۆستەکەت بەکار بێنەو هەستی دەورو بەرت بپارێزە، کە بروانامەیەکت هەیە وانەزانی لەوانیتر ژێر تری و پلەیەک بالاتری بزانە بڕوانامە کەس ناکاتە مرۆڤ و مرۆڤ بوون پلە باڵاکەیە و وە بزانە ئەوە بەخششێکی خوداییە و بەرتۆ کەوتوە و دەرفەتێک هاتۆتە ڕێگەت و نەچوەتە ڕێگەی ئەوی تر، کە چاوەکانت ئەکەیتەوە هەوڵبە لەرێی جوانیەکانی سرووشتەوە ئارامی بدەیتە رۆحت و ڕێگەمەدە بەکاڵاو باڵای کەسانی تردا بڕوانی و حەسرەت و حەسودی دڵت بخوات ئاخر بزانە زۆرن ئیستا چاوەکانیان لەدەست داوە لەبینینی سروشت و جوانیەکان بێبەشن، لەگەڵ ترپەی دڵە بچکۆلەکەشدا هەوڵبدە زمانت پاراوبێت بەیادی خودا و بیرت بێت ڕۆژێ ئەم ترپەترپە ئەوەستێ و چیدی زمان هێزی بزوانی نامێنێ و پێیەکان لەهەنگاونا ئەکەون و چاوەکان سپی ئەبن و جەستە جوان وناسکەکەت ئەبێتە میوانی خاک.

خکی 2016

✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻

## خۆشەویستی لای خاکی .............

هەڵبەتە کەس نیە ئاشنانەبێت بە واتاکانی خۆشەویستی بەڵام کەمن ئەوانەی بە

دوای ڕیشەی ووشەکاندا دەچن، بابزانین خۆشەویستی وەک ووشە یانی چی؟

خۆش + ویستن واتە ئەومرۆڤانەی خۆش ویستن خۆشیارن خۆش ئاواتن خۆشییان

دەوێت بەڵێ خۆشییان دەویت بەڵام بۆکێ؟

کێ ئەتوانێ خۆشەوستی بکاتە یاوەری خۆي ؟ ئەوانەی هەموو خۆشیە کانی دنیایان

بۆ خۆیان ئەوێت و بەدبەختیەکانیش بۆ ئەوانی تر؟

ئەوانەی هەمووشتێک بە خۆیان ڕەوادەبینن و کەرت و پەرتیش بەبەرام بەرەکانیان

بەزیاد ئەزانن؟

ئەمە خۆ ویستیە خۆشەویستی ڕاستەقینە ڕیشەی لە دڵایە و سێبەری لەڕو دایە

خۆشەویستی خۆش ویستنە بۆ دەوروبەرو عشقە بۆ مرۆڤ گەل و پڕ بە هەناو

ئومێدە و پڕ بەگەروو هاوارە بۆ سەرکەوتنی دەوروبە و دەریایەکە لەبەزیی و

ڕووبارێکە لەئەسرین, ئەوانەی خۆشەویستیان کانیاوێکەو ئەڕژێ بەسەر داروبەردا

وە ئەبارێ بەسەر دۆست و دوژمندا

ئەوان گوڵیان خۆش دەوێت چونکە باوەشی بۆ پەروانەواڵایە,

خاکیان خۆش دەوێت چونکە ڕەگی درختەکان لەدڵیانا گەورە دەکەن,

ئاسمانیان خۆش دەوێت چونکە باڵندەکان سەمای تیادەکەن

دەریایان خۆشدەوێت چونکە جەستیان بوەتە ئارامگەی ماسی

منداڵیان خۆشدەوێت چونگە هێلانەی بەرائەتن....

ئەمانەهەمووشتێکیان خۆشدەوێت  ئەگەر کەسێت لەم جۆرە بەدی کرد خۆت ئەزانیت خۆشی ئەویت چونکە ئەو هەوری عشقی هەڵگرتووە هەر بارانی خۆشەویستی ئەبارێنێت خاڵین لەڕق و کینە, ڕق شوێنێکی نیە لە سینەیانا, ئەگەریش تۆی زۆر خۆشویت ئەوا خوڕەمی بارانەکە زیاد دەکات و پەیوەست بوون بەم مرۆڤانە  دانیشتنە لە سێبەری ئارامی و ئالودەبوونە بە بەختەوەریەوە.

خۆشەویستی سێکوچکەیەکی تایبەتی هەیە بە سێکوچکەی خۆشەویستی ناودەبرێت ئەویش لێبوردەیی و  بەخشندەیی و خۆشەویستیە مەحاڵە کەسێکت خۆشبوێت لێی نەبوریت چاوپۆشی لە هەڵەکانی نەکەیت، مەحاڵە کەسێکت خۆشبووێت و بەرامبەری

بەخشندە نەبێت بۆیە لەم دیدەوە ئەتوانین بروانینە خۆشەویستی و دەق بەستن و ڕاهاتن بە خۆشەویستانمان زۆر جار پرسیاری ئەومان لادروست ئەکات ئاخۆ فلان کەس یان دایک یان باوک، هاوسەر، منداڵەکانمان خۆش دەوێت، ئەرێ ئەوە تۆنیت هەموو شتەکانت ئەبەخشیت لەپێناوی ژیانیدا ئەوە تۆنیت لە هەڵەو کەم و کورتیەکانی ئەبوریت و زۆر جاریش وای پیشان نادەیت هە هەڵەی بەرامبەرت کردوە بەزەردەخەنەیەک هەموو هەڵەکانی ئەکوژێنیتەوە بەڵێ ئەمانە ڕەهەندەکانی پشتەوەی خۆشەویستین، ئەرێ ئەوە تۆنیت لە کاتی نارەحەتی و گرفتی ئازیزانتا ئۆقرەت لێدەبڕێت و ئارمت لێهەڵدەگیرێت بەڵێ ئەوە واتای خۆشەویستیە و لەدوریا ئۆقرەت لێدەبڕێت و لەنزیکیا ئارامشت بەردەکەوێت.

✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻

دەلێم گەڕێ با سەیرت کەم تا تریفەت کوێرم دەکات

تەنها نوری عشقی تۆیە ڕۆحی برسی من تێردەکات

✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻

## پشووی گوڵستان.............

وەرە لێرە پشویەکی مندالانە بدە لێرە دەچینەوە دنیای بەرائەت و دڵمان ئەشۆین بە ئەسرینی چاوەکانمان، پاک پاک وەک منداڵە دەم بەخەندەکان، پڕبە هەناومان پێدەکەنین، هەموو بزیەک بەراست ئەزانین و بۆی ئەشنینەوە.

لێرە ئیتر روانینی پر لەسۆز و راستی، لێرە چاوەکانمان ئیتر درۆناکەن ، پرن لە ئەسرین و پرن لە عشق و پڕن لە وەفا و پڕن لە پەشیمانی و پڕن لە چێژ و پڕن لە تەوبە و پڕن لە هیوا.

لێرە ئیتر نازانین رق چیە و هەواری عشقی پیرۆزمان هەڵ داوە،

لێرە دەبینەوە بە منداڵ لە پاکی دا و دەبینەوە چیا لە هێزدا و دەبینەوە دایک لە سۆز دا و دەبینەوە ڕوبار لە هەوڵ دا و دەبینەوە بە پەڕە سپیە پاکەکانی ئادەم و دەچینەوە بەهەشتی عشق و لە سوجدەی مەحەبەتدا لە هۆش دەچین تا هەناومان بە حەسرەتی پەشیمانی قاڵ بێت و شایستەی نوری ژین و تروسکەی پڕ مهری ئیلاهی بین.

لێرە هەناسە بەچێژەوە هەڵ ئەمژین فێنک بە ئەشکی عاشقانە و تێکەڵ بە سەدای گریانێکی قوڵی بە کوڵ کە ڕوح تیایدا مەستە و بەهارستانی روح دەئافرێنێ.

## خونچەی گوڵستان.................

سێبەرێکە رووحە شەکەتەکان ووچانێکی تیا ئەدەن

مەنزڵێکە رووحەکان بە یەکتر ئاشنا دەکات بە زمانی پڕ بەرائەتی رووح دەدوێ

لێرە نیشتمان سپییە زمان هەمووان لێی تێدەگەن زمانی عشقە

ڕوخسار بە بزە ئارایشت و چاو بە ئەسرینی وەفا

ئەم مەنزڵە مەنزڵی گەڕانەوەیە بۆ خود و شۆڕ بونەوەیە بۆ ناخ

لێرە پەیام مرۆڤ دۆستییە و پیرۆزی دانەوەیە بە مرۆڤ گەل و بەها دانەوە یە بە مرۆڤ لە ڕێگەی بە ڕوحانی کردنیەوە. ئاو پرژێنی دەروونە ماندووەکانە و ڕاکێشانیانە بەرەو بەرائەت و ڕزگار بوون لە جە نجاڵیەکانی ماددە گەرایی

دەی وەرن ببنە خونچەی ئەم باخچە ساوایە بەبێ ئێوە مەحاڵە بێتە باخێك لە سێبەریا پشوو بە ڕۆحمان بدەین بێ ئێوە نابێتە بەهارستانی ڕوح.

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

## گڕوگاڵی خونچەی گوڵستان............

هێدی هێدی گڕوگاڵ و خەمە بچکولەکان گەورەدەبن، بەئەسپای ئامێزە پرمیهرەکەی دایە جێدەهێڵین، ورد ورد ڕایەڵەی سۆزە دەریا ئاساکەی بابە درێژ دەبێتەوە ،خاڵ خاڵ ڕوپەڕەی دڵە سپیە سپیەکەمان لێڵدەبێت، شەقاو شەقاو ڕق ئاوێزانی دنیای بەرائەتی منداڵیمان دەبێت ، بەم شێوەیە بەئەسپای بێدەنگ بەدنیایک خامۆشیەوە دەکەوینە جەنجاڵیکی ئێجگار زۆرەوە خۆ ئەگەر بێئاگایانە خۆمان دابێتە دەستی ئەم گەمەیە دواجار لە قولای دەریایەکی پڕلەشەپۆادا خۆمان دەبینینەوە لەهەناوی ئازارێکی قوڵدا خۆمان لول دەدەین هیواکانمان لەگۆڕستانیکی خامۆشی بێ گڵکۆدا دەنێژین،سەدای ئاخ و ئۆف ئەبنە ئاوازی پرحەسرەت و گەرانەوە بۆ ئارامی ئەبێتە خەیالیکی سەرابی.

ڕەنگە بزانن ئەمەویت بڵێم چی چونکە هەموان بەرشەپۆلی بێ بەزییانەی ئەم دەریایە کەوتوین هیچ کەسمان بێ بەش نەبووین لە سۆی ئازاری هەنگاوە هەڵەکانمان گەرچی بچوکیش بووبێت ، سەرەتای ئالودەبوون و بەدبەختی و دورکەوتنەوە لە ئارامی دڵ و چێژی بەرائەت و گەشی و ڕونی ڕوخسار هەر هەنگاوە بچوکەکانی سەرەتای ژیانە و بەشداری کردنە لەگەمەیەکی سادەی بێ بەرنامەدا، هەر دانانی خاڵۆکەیەکی بچکۆلانەی ڕقە لەدڵ نێرگزیەکەتدا،ئێستا ڕونتر ئەمەوێت

بڵێم هەڵەکان بچوکن ئەوکاتانەی چاوەکانمان ژیرانە وێنایان وەک خۆی دەنێرێتە سەنتەری بیرمان و لەوێ لێکدانەوەی بۆ دەکەین، وە سەرەتای گەورەبوونیان لە بچوک سەیرکردنیانەوە دەست پێدەکات تادەبنە ناسنامەمان و بیر و هەنگاوەکانمان تەنانەت خەویشمان لێدەسێنن وردە وردە گەورە دەبن تا کۆڵمان هێندە قورس دەکەن کەتوانای هەڵگرتنمان نابێت و لەبەرام بەریاندا دێین بەچۆکا، هەربۆیە هەنگاوە کانی سەرەتا و هەڵە بچوکەکان بەکەم مەزانەو زوو هەر زوو پێش بەگەورەبوونیان بگرەو دنیا وەنەوشییە ئارامەکەت لێڵ مەکە بە دووکەڵی گوناهەکانت و بیرت نەچێت کەسانێک خۆشیان دەویت و ژیانیان وابەستەی ژیانی تۆیەو بەختەوەریان بەئاسودەیی و خۆش گوزرانی تۆوە بەستۆتەوە ئەوانیش لەو هەنگاوە هەڵانەت بەشیان ئازار و شەرمەزاری و ناسۆریە.

❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋

## وەحشەت.....................

جار جارێك لە پەنایەكی ئارام و بە دوور لە ژاوە ژاو و جەنجاڵیەكانی ژیان بە تەنها بە ناخی خۆتدا شۆڕبەرەوە كەمێك لەگەڵ خۆت ڕاشكاوانە شەن و كەوێكی كارەكانت بكە ئازایانە دەست بەرە پەردەی غەفڵەتی سەرچاوەكانت لابدە, بەها بەرەوە بە وێنەكانی كە چاوت دەیبینێ وەك خۆی بیانبینە ,نیگا سحراویە هەڵخەڵەتێنەكان تەجاوز كە و لە پشتی ئەوانەوە ڕاستیەكان ببینە با تاڵیش بن هەر جوانن چونكە ڕاستین ، ئاوڕێك بەرەوە سەیركە سەحرایەك پڕ لە پەشیمانی و چیایەك لە زەمەنی بێ بەرهەمی لە كیس چوو دەبینیت، چاوەكانت واقیان وڕ دەمێنێت و بە دەستەكانت دەیان گلۆفیت تا بیریان دەبەیتەوە، سامێك سەرتاپات دادەگرێت، نیگەرانی ئاوێزانی رووحت دەبێت ،كە سەیر دەكەیت مەشخەڵی دەستە لاوازەكانت كز و ڕێگای وەحشەتیش دوور، پەردە جۆراو جۆرەكانیش زوو زوو ڕێگری دەكەن و هەزاران ڕەنگ نمایش دەكەن ،ئاخۆ لە بن دیوارێكدا پاڵت داوەتەوە سێبەرا و سێبەر دەكەیت؟

حەتمەن لەم هەنگاوە خاوەنەدا و لەم پێو پێ كردنەدا چەن پرسیارێك دەبارێتە هەناومانەوە و دەڵێن ئاخۆ تاكەی پەنجەكانمان بە گوێمان دەكەن ,تا كەی

قاچەکانمان دێن بە دوامانداو ,ئەبێت تا کەی ترپەی دڵمان بەردەوام بێت,ئەرێ چرکە وەختەکان ڕێگەمان دەدەن کارەکانمان تەواوبکەین ؟

ئەمانە و چەندین پرسیاری تر دوورت دەخەنەوە لە خەمە بچوکەکان و وا ئەزانی وای لە خەویکی قوڵدا.

لێرەدا منیش ئەمەوێت پرسیارێکی تر بکەم کە وەڵامەکەی دەبێتە پاڵپشت بۆ ئەوانی تریش دەمەوێت بڵێم ئاخۆ تەنهایت؟ هەر خۆتیت؟

یان هەردەم هاودەمێکت هەیە خۆشت دەوێت ئیلهامی عشقی لێوەردەگریت, هیوا بەخشە لە نائومێدییەکانتا وە خۆری شەوەکانتە . پرشنگی ئەو کردویتی بە ئەستێرە ئارام ئارام بە عشقەوە هەنگاو دەنێیت ,دڵە شڵقاوەکەت بە تریفەی هاودەمەکەت ئۆقرە ئەگرێ .

ئەگەر نا ئێستا کە هەر خۆت و خۆتی تۆزێ عشقی حەقیقەت و مشتێ تۆوی بەرائەت بکە مەزرای دڵتەوە دواتر شەوانە لە ژێر تریفەی ئەستێرە چاو گەشەکاندا بە ئەسرینی پیرۆزی چاوەکانت ئاوی بدە و وازمەهێنە دڵنیابە بەهارستانی ژینت دەست پێدەکات .

*********************************************

## خۆشم ئەویت...............

خۆشم ئەویت وەک چۆن ماسی دەریای ئەوێ

وەک چۆن سینە پڕ بەگەروو هەوای ئەوێ

تۆ ئاسمانی مەلی رۆحم تیایا ئەفڕێ

تۆ نیشتمانی عشقیت و دڵم لەوێ ئارامشی بەر دەکەوێ

من شەقامەکانم خۆش دەوێ

هەرکەسێ بۆنی تۆی لێبێ

هەر جێیە پشووت تیادابێ

هەر خاکێ کە پێت پیانابێ

هەر دڵێک ناوی تۆی تیابێ

هەر کانیەک کەمێک ووچانت تیادابێ

هەرشانەیەک بە بۆنی پرچت ئاشنابێ

هەر کراسێک بۆنی گوڵاوی تۆی لێبێ

هەرکەسێک کەتۆی خۆش ئەوێ

خۆشم ئەوێ.

## بەهاری دێرە وەخت...........

ئەی شەماڵی بەهاری دێرە وەختی من

ئەی نەسیمی باخی سیسی بەیانی من

کەی دەتوانم ببمە هەناسەی سینەی تۆ

کەی ئەتوانم ببمە گەڵای وەریوی باخی تۆ

تۆ بفەرموو تۆزی ڕێگات کۆکەمەوە

بیکمە ناو قومێک ئاو بیخۆمەوە

ڕێگەم بدە نزیکتان بم  بمکە سەگی دەرگاکەتان

بمکە بە خزمەتکاری شارتان

بمکە بەشوانی ماڵاتان

هەچی تۆ دەی ڵێیت من دەی کەم

وەلێ تۆ خوا  ڕێگەبدە جارجار ڕوخسارتان ببینم

تا چاوەکانم کوێر نەبن

دڵم زوویرە ئازیزم داوای خاوەنی ماڵ ئەکا*

هەر تەنها نیگای چاوێکت سەدان ماڵ ئاوەدان ئەکا.

---

- لێرە خاوەن ماڵ معشوقە هێندە عاشق باسی ئەو مەعشوقەی کردووە دڵ ئیتر ئەو بەخاوەن ماڵ ئەزانێ و جار جارە گلەیی دەکات ئەڵێت بۆ دیار نیە.

## سێبەری تۆ................

هەر شەماڵ هات و من ئارەقەم ووشک نەبویەوە

هەر باران باری و من بۆنی خاک و خۆڵ م نەکرد

هەر خونچەپشکوتا و جەستەی نیشتمان سەوز بوو

من شنەی بەهارانەم نەکرد

هەر باڵندە پۆل پۆل بەرەو نیشتمانی ئازادی ڕەویان کرد و

هەر پایز کاروانی گەڵای بەرەو حەشر بەڕێ کرد و

وەلێ من هەر لە بەندیخانەی تۆدام و هەستم بەئازادی نەکرد

من ئەم ویست وەک هەورە شێتەکانی بەهار

سەری خۆم هەڵگرم

وەک گەڵا زویرەکانی پایز خۆم بدەمە دەم ڕەشەبای فەنا

من وام ئەزانی نەرم نەرم دەبارێمە باوەشتەوە

وام ئەزانی ئەبیتە نیشتمانی ئەسرینەکانم

بۆیە لەگەڵ هەوری ژانا

لەگەڵ ئەشکی پاکی چاوەکانما

دەتکێمە  دڵی خاکەوە

دوای زەمەنێک لەگەڵ چۆڕەی کانیەکانا

لە هەر چوار پارچەی وڵاتەوە

دڵی وونبوم چرۆی نویٚ  لێدەداتەوە

وازناهێنم هەر دەت دۆزمەوە چونکە وێنەی سێبەرێکی تۆم لایە

لەگەڵ گمەی کۆترەکانی سپێدەیا  دێم

بەناوی کۆچەری و قەرەچ دێمە گشت کۆڵان وجێیە

وەک پەروانە سیمای گوڵێنت ئەناسمەوە

وەک و شاهەنگ بۆنی هەناسەت ئەدۆزمەوە

شەوان لەناو ئەستێرەکانا بۆت ئەگەڕێم

**دڵنیام ئەم عشقەشێتە بەدواتا دێتە گشت جێیە**

**سنورەکان ئەبەزێنم پەساپۆرتێکی نوێم پێیە**

**ئەویش وێنە شوێن پێیەکی تۆیە**

**خاکی** 2015

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

# گوڵستانی دڵ.........................

دەی تریفەی مانگ بەمن چی کە تریفەی ڕوی تۆم نەبێ

زەردەی خۆر بایەخی چیە کەزەردەی لێوی تۆم نەبێ

پرچی قەترانی شەو چیە کە من دەستم بەپەلکەی پیرۆزی تۆنەگا

بۆنی میسک و سێسنەم بۆچیە کە بۆنی هەناسەی تۆم نەبێ

بۆکڕوزە هەچی گوڵاو عەنبەر و عترە گەر تێکەڵی نەسیمی ئارەقی باڵای تۆ نەبێ

شەونمی سەر ڕوی شەرمنی گوڵ بەمن چی

کە تۆزێ گوڵاوی نێو دەمی تۆ لەسەر زامی قەدماغەکردوی ئەوینم نەبێ*

کۆشک و و باخ و بەهەشت بەمن چی

کە لەنێو گوڵستانی دڵی تۆ دا من هەرزاڵێکم نەبێ

خاکی 2016

---

*قەدماغە= کە برینیك پێش چاك بوونەوە توێکیك بەسەریەوە دروست دەبێت پێی دەڵێن قەدماغە

## هاواری ڕۆح.................

خودایە دەرگا ژەنگاویەکەی دڵم بترازێنە و بە نوری ئەنوار و شعلەی محەبەتت کونج و قوشبنە تاریکەکانی بشۆرە و ڕوناکی بکەرەوە،

خودایە من ئەزانم تۆ ئەزانی چەندە شەوقی لیقات ئەکەم (تعلم ما نفسی ولا اعلم مافی نفسك).

وەلێ هەمیشە تۆ خەرمانی تۆوی مەحەبەت و تۆ دەریای غوفران و تۆ ئاسمانی عشق و تۆ سێبەری ئارامش و تۆ نمەی بەزەیی و ئێمەش سەختیانی تاوان و خاکی قڵیشاوی تینووی تنۆکێ ئەوینی تۆین، دەی ئلاهی هەر ئیستا لەم ڕۆژی لێبوردن و ئاشتەواییەدا لەم سەدای گریان و لەبەیکەدا ئارامشت ببارێنە و تیکەڵی ئەشکی چاوە پیسەکانمی بکە و تەکانێك بە دڵە سیسەکەم بدە،

ئەی ئارامگەی ڕووح ڕووحم ماندووە و چاوم شاهێدە پەناگەیەکم نیە ئوقرەی تیا بگرم، هەتیووم و چاوەڕێی مأوام (الم یَجِدكَ یتیماً فأوی) هەرزاڵێکم نیە هەناسەی بێ ئازاری تیا هەڵمژم، سینەیەکم نیە جێگەی مەحەبەتی تۆی تیا بێتەوە چاوەڕیی (انشراحی صەدرم)، زمانێکم نیە شایەن بە تۆ بێتەگۆ چاوەڕێی الهامم لە (فتلقی ادم من رَبهِ کلیمات) وەرگرم، پەنجە لەرزۆکەکانم هەڵژەنراون لە تاوان بە شەرمەوە بەرە

و تۆ والاّ دەبن و داوای نزیکی تۆ دەکەن چاوەڕێی ((اِنَ الله قریبُ من المحسنین)) م تا خانەکانی جەستەی سڕم بە شەپۆلی ئەوینت خاو ببنەوە تەنها جارێك هەناسەی مەلەکوتی هەڵمژن و چێژی ((طُبٔثم)) بکەن.

ئەی ئلاهی من شێتانە بێ حەیا ڕووی ڕەشم کردۆتە نووری پیرۆزی (مصباح) ت گەر بە شەوقی ئلوهیەتت بسوتێم سەرفرازیە بۆ من ، من خەریکە بە دوکەڵی تاوانەکانم دەخنکێم، ئلاهی تەنها تریفەیەکی نێو دڵی عاشقێکتم بەسە جەستە و دڵمی پێ ئەشۆرم پێی ڕێدەکەم ، ئلاهی چۆن و کەی وازبهێنم لەم لالاّ نەوەیە چۆن بزانم وام لە پلەی تضرعا، ئلاهی لێم مەگەڕێ لەم گێژاوی میحنەتا ڕۆچم تا دنیام دەستکەوێ هیچم ناوێ تریفەیەکی نورت نەبێ ، هیچم ناوێ قەترەیەك لە دەریای ئەوینت نەبێ تا ئەم خاکی بەردینە بێ خۆڵە بخوسێنێ.

ئلاهی نزیك بومەوە لە چل ساڵ و دوعای (ربی أوزعنی ان اشکر نعمتّك) ئەخوینم و بە کەماڵی خۆت لە کەماڵبوون حاڵیم بکەو لەم گڕوگاڵی منداڵیە هەڵم کێشە،

دەی ئلاهی پەردەی غەفڵەت لەسەر دڵم لادە و زامەکانی ساڕێژ بکە و ترپەکانی مەوەستێنە تا دەبێتە دڵێکی سەلیم و سپیی سپی وەك پۆشاکی حاجییەکان و نەرم وەك ئەشکی چاوەکانیان و سادە و پاك وەك دڵی مناڵە بێباوکەکان.

خاکی 2013

---

سەختییان= بەو پارچە پەڕۆیە دەوترێت کە گونکی لەسەر دەگرن و هەویری لەسەر هەڵدەگرن و ڕەق دەبێت زۆر چڵکنە لەجیاتی خەمیرە زوو لەو هەویرەیان دەکردە ناو هەویری تازە بۆ ئەوەی هەڵبێت.

## ئازیز وەک شەماڵ*

ئازیز وەک شەماڵ فێنکی دڵ بووی

وەک نەرمەباران ئێشکچی گوڵ بووی

تریفەی مانگ و جلوەی ئەستێرە

شەونمی پاکی سەر پەڕەی دڵ بووی

هەناسەی نەرمی نازدارانی شار

دڵمان پارەیە بۆ فیراقی یار

ئەسرین تەی ئەکا سەرگۆنای یاران

کێ دیویە هاوین خوڕەمی باران

---

*بۆ مامۆستای بەرێز و خۆشەویست مامۆستا عبداللطیف پێنجوینی خوای گەورە لێی خۆشبێت

## لەگەڵ هەورا..........

لەگەڵ هەورا دێم و دەبارێمە ناخی تۆوە

جەستەت گشتی شەقشەق دەکەم بەهارێکم وام بەرێوە *

---

*ئەم پارچە هۆنراوە بەکورتی ئاماژەیەکە بەوەی کە مرۆڤەکان خۆیان جوانن خۆیان خاکی پڕن لە تۆوی عشق و مەحەبەت دوانی وە زەوی بەپیت کاتێک خوای گەورە ئادەمی خولقاند لە خاک وخۆڵ هەمووی تۆوێکی جوانیشی پیاپڕاند ئەوە مرۆڤە کانن هەندێکیان تۆوی جوانیەکانیان بەبارانی ئەوین و ڕەحمەت ئەتەقێت و چەکەرە دەکات ئەبێت گوڵزاری ڕەفتار و گوفتار هەندێکیش خۆیان ناجەنە بەر لێزمەبارانی ئەوین و جوانی هیدایەتی ئیلاهی ئەگەریش بەرۆژی باراناویا تەی بکەن چەتری رق و کینە هەڵدەکەن و ستەم لە خۆیان جەکەن ناهێڵن تۆوی جوانیەکانیان بڕوێت. من لیرەرەدا تەنها ویستوومە بڵێم تۆ خاکی پیرۆز و جوانیت منیش نەرمەبارانم و ئەبارێمە ناختەوە تا گولستانی جوانیت برازێتەوە ئەوە من وەک مامۆستا و واعز و پەروەرشیار نیم جوانیت پێبدەم ئەوە تۆی پڕێ لەجوانی ئەوە جوانی من نیە دێت بۆ تۆ ئەوە خۆتی پڕی لەجوانی تەنها نەرمەبارانێکت ئەوێ.

## من بۆنی تۆم لێدێ...............

**من هەناسەم بۆنی خۆڵ و ئەسرینم بۆنی تۆی لێ دی**

**من سێبەرم مەنزڵی مەرگ و جەستەم گۆڕستانی گوڵە**

**من بژاری باخی ژان و نیشتمانی ئازار ئەکەم**

**وەک خوڕەی ئاو بەبەردەوام هاوارئەکەم**

**وەک ئەستێرە لەباوەشی تاریکیا هەرچاوەڕی هەتاو ئەکەم**

**وەک دارەبەن بە بۆن و زوخاوی زامم بول بول بە خۆم ئاشنا ئەکەم**

**وەک جەستەی خاک وەک باڵای دار**

**منیش ئەبم بەهێلانە**

**تا لە هەرکوێ گوزەر بکەیت پرژەی بۆنی تۆم بەرکەوێ**

**رۆحم شێتانە لەنیو ئەم کۆڕی ماتەما**

**چاوەڕێیە تابزەی لێوت دەرکەوێ**

**زۆر دەمێکە حەزم لێیە خەوێ ئارامم لێکەوێ**

**لەخەویشدا ئۆقرە ئەگرم گەر جارێ چاوم پێتکەوێ**

**خاکی** 2016

---

دارەبەن=داری قەزوانە کە دەی بڕیت بنێشت لە شوێنی زامەکەوە دێتەخوار بۆنێکی تایبەتی خۆشی هەیە

## بۆشەهیدێکی سوتاوی ئازادی.........................

ویستم ووشەیەک  هەڵبژێرم تا سەرەخۆشیت لێبکەم

ووشەکان مانیان لێ گرتم

ویستم کەمێک ئەسرینت بۆ بڕێژم

ئەسرین نەفرەتی لێکردم

کەمێک سەیری جەستەسوتاوەکەتم کرد

پەیکەری عشقی سوتاوم هاتەبەرچاو

ویستم بۆنێک هەڵبژێرم تا بۆکڕوزت نەمێنێت

بۆنی میسک تێری کردم

وویستم نەفرەت لەجەلادی ژێر عابای دیمۆکراسی کەم

نەفرەتیش شەرمی لێکردم

ووتم دوعای خێرمان هەیە

**دوعاش حاشای خۆی لێکردم**

**ووتم تۆ چیت چۆن بێمەلات**

**ووتت مشتێک خۆڵی ڕابیعە و باوەشێک ئازادی بێنە**

**بیئاڵێنە لە ئێسکە سوتاوەکانم**

**من ئێستە   پەیکەری ئازادی و نیشتمانم**

**من هێمای دادگەری و تێکۆشانم**

*************************************

## مەلەکووتی ئەوین..............

ئەم مەلەکوتی ئەوینە چەن کەمن کێشە

ڕۆح بێ ویستی من مەیلی لیقای ئەو ئەکا

چاو بێ گوێدانە من کردویە بە قیبلەی خۆی

گوێ تینوو ووشەکانیەتی

دڵ ئیتر شێتانە لێئەدا طەبیب و حەکیمی ناوێ

تەنها تریفەیەکی ئەم محبوبە ووزەی سەدساڵ سەمای دڵی تیایە.

خاکی ٢٠١٩

*************************************

## من کێم.........

تەنها جاریك چاوم پێت کەوت

ویستت بپرسییت بڵی کێییت؟

عەوداڵی پاروە نانێکی

یا کاروانیە سەرەڕێییت؟

زۆر حەزم کرد ڕێم پیٚ بگریت

تابەدیلی نزیکبم لێت.....

هێندە نیگات ئۆخەی بەدڵی شێتم کرد

حەزم دەکرد بەردەبازێك بم لەژێر پێت.....

نەرمە ووشەی لێوی جوانت

وەك وباران

بتکیتە ناو دڵی سەختم

پێشی ئەوەی کە تۆ ببینم

وام ئەزانی سەرگەردانێکی بەدبەختم....

نەم دەزانی بڵم من کێم ...

تەنها یەك ناونیشانم لابوو

شەرمم دەکرد کە پێتبڵێم....

من عاشقم عاشقی تۆم .

2010-10-12/13

*******************************************

## چرپەی عشق......................

من شەو و ڕۆژ ئەچمە لای گوڵ لای پەروانە

ئەچم بۆلای ماسی بۆلای دەریا بۆلای ڕوبار

ئەچم بۆلای باو بۆلای کانی و بۆلای هەناسەی سپێدە

سەیری هەموو جوانیەك ئەکەم هەموویان بۆنی تۆیان لێدێت

هەمووشەوێ خەرمانەی مانگ خەتی ڕوتم پیشان ئەدات

سەیری ئەکەم سەیری ئەکەم

کاتێك پێڵوی چاوەکانم هێزی نابێ کە خۆی بگرێ

وەنەوزلەکەڵ خۆیا ئەم بات

ئەڵێم نانا من ناخەو وم

بەڵام وەنەوز سیمای گوڵینی تۆی لەلایە

لەخەویشدا بۆمن دەبێت بە لای لایە

## من ئەوساتەی هەڵ ئەلەرزم.................

من ئەوساتەی بە دەم بزەی لێوی تۆوە  هەڵ ئەلەرزیم

من ئەوساتە ی بە دەم هە نسکی منداڵێکە وە  گیانم ئەدا

یان ئەوکاتەی تر پەی دڵم

با نگی مەلی مە رگی دەکرد

پێ دەکەنیم..........

من ئەوسا تەی لەبەر عشقت!!!

پەتی مەرگم  بۆ هەڵخرا   پێدەکەنیم

من لەناو هەناسەی ئەرخەوانی تۆدا دەژیم

من نازانم عشقی  تۆیە  شێتی کردووم ...

یان شێتیە منی بەرەو خولگەی تۆ هێناوە

هەچۆنێك بم  وەك و زەوی چاوەرێی تنۆکێ ئاوم

وەك ئەستێرە هەر چاوەڕێی خۆرەتاوم

هەموو سەحەرێك لە پێش ئەستێرەی بەیانەوە

چاوەڕێتم...

دڵنیاشم بەیانیەك بەدەم گزنگی خۆرەوە

رۆحم لە جەستەم دێتەدەر

لاشەم دەبەن بۆ خامۆشگە

بەلام روحم بەردەرگای تۆ جێناهێڵێ.

## تۆش خوات لەگەڵ....................

ووتم ڕەنگە هناسەی تۆ

بێتەشەماڵ بۆ بەهاری سیسی ژینم..

ئەسرینی پیرۆزی چاوت بێتە باران

ببارێتە نێو هەناوی پڕ برینم

ووتم بەشکم بزەی لیوت

تروسکایی بێ بۆ چاوم

پێش ئەوە مەرگ فەرموو کات

بڵێم منیش فەرهادێکم بۆ شیرینی خۆم سوتاوم

وام ئەزانی ووشەی نەرمی شەقامەکان ڕاستیەکن

بۆهەمیشە شنە بە رووحی من ئەدەن

تۆ نازانی چۆن وەك هەور

خولم دەخوارد بەدوای تۆدا

بچۆ بڵێ بە   ئەستێرە ئەو زانێ چۆن

شەوانەلەسەر ئەژنۆ وەنەوزم ئەدا

وێڵبووم بەدوای ووشیەکتا

دە بپرسە لە دار بەڕو ئەو ئەزانێ خۆراکی من

بڕۆ بن تاشە بەردەکان ...

بزانە کامیان نامناسن

ئەی پەریە پڕلەهیواکەم...

ووتم ڕۆژێ ..نزیك لە تۆ..

هەوارێ شڕە هەڵبدەم..

تێر ڕاکشێم پشووبدەم ..

هەچۆنێك بوو دام لەدەرگات ..

کەدەرگاکەت لێکردمەوە ..

وام ئەزانی تووند ئەمگوشی بەخۆتەوە...

سەیرتکردم ...دەست بردو چەند دیناریکت تێگرتم ...

ئابڕوت بردم...

بێشەرمانە ڕوت وەرچەرخان..

وەك نەناسێ خواخافیزیت لێنەکردم..

بەلاَم من هەر خۆشم ئەوی

چونکە فێری ئەوەتکردم ...

چۆن ڕوانگەی عشقی پیرۆز بدۆزمەوە..

شوێنی کەوم..

لە بۆتەیا بتوێمەوە...

ئیتر ئەو ببێت بەڕوگەم و...

لەناوخۆما بیدۆزمەوە..........

ئەوسا عشق دەبێتە گوڵ ...

بەهاری ژین ئەنەخشێنێ..

بۆ هەمیشە ئارامیەو ..

گێژەلوکە نای ژاکێنیٚ...

دەتۆش برۆ رۆژیٚ دادی ...

ڕوی دا پۆشراوت دەرکەوی...هیچی ناوی

تەنها بایەکی بەرکەویٚ...

ئاوا عشقت شەرمەزارکرد...

تا چیٚژی ژینت دەسکەویٚ..

دواجار برۆ تۆ هەرخۆتی....

گێژاوی ڕق لولت ئەدا ...

لەناوخۆیا ئەت خنکێنیٚ...

پیٚم خۆشنیە ئاوا شەرمەزار بتبینم....

دایم دەستم بەدوعایە ....

تالەم فنا دەرت بێنم...

ئاخر عاشق ڕق ناناسیٚ...

خەڵکیش پیٚم دەڵێن بیٚشەرمی..

هێندە ئۆخەی جەستەی منی دا پۆشیوە..

دڵنیام بەشی تۆش دەکات...

ڕوت بگێڕە تا

تا ڕوانگەی عشقی پیرۆز بەدی ئەکەی..

تەنها لەوێ تویشوی پێویست

بۆ بڕینی ئەم ڕێ سەختە

بەدەست دەخەی.

## هەرتۆ جوانی................

لەدامێنی گوڵی گەشا دڕکم بینی

لە ڕەنگاڵەی پایزیشدا کۆچی گەڵاو وێران بوونی هێلانەم بینی

لەهەوری ئەفسوناوی دایکی بارانا چەخماخەی بەتینم بینی

لەدلی پیرۆزی خاکا زەمین لەرزەی خامۆشکەرم بینی

لەئامێزی شەماڵی بەهاری بوکا گێژەڵوکەی شێتم بینی

لە پەلکەزێڕینەی خۆرا گڕم بینی

هەرلەتۆدا هەچی جوانیە ئیبینم

لەژێر پێتا سەمای گڵ و لەباوەشتا چرۆی هیوا

لەنیگاتا پڕشنگی نۆخەی و

لەدڵتا ژیان و

لە شوێن پێکانتا خۆم ئەبینم

تۆ نیشتمانی جوانیت و

منیش هاتووم بستێکم لەو نیشتمانە ئەویَ.

خاکی 30-10-2013

✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻

## زیندانی عشق.................

وتم ئەڕۆم ئەم دەڤەرە بەجێ دێڵم

دیواری زیندانی عشقت تیک ئەشکێنم

ئەڕۆم لە سوچی گۆڕستانێکا

کۆڵێتێکی خەم هەڵئەدەم

.بەئازادی تیای ئەژیم

نەم زانی زیندانی عشقت بەقەی زەوی فراوانە......

وام ئەزانی گەردوربم لێت ئیتر بارانی ئەشکی چاوەکانم خۆش ئەکاتۆ..

وام ئەزانی ئە گەر ڕۆشتم دورکەوتمەوە تێر ئەخەوم...

باوەڕت بێت ئێستە کە تەنیام لێت دورم

پێڵوی چاوم دایم تەڕە

کە دەشخەوم لەگەڵ ڕۆحما دایم شەڕە

ڕۆحم دەڵێ بابچینەوە دیلی زیندانەکەی تۆبم...

کوا ئازادی کەتۆ دڵمت بەند کردوە

لەهەرک وێبم..

خاکی2013

## هەناسەی عشق..................

ئەم هەناسە لە قوڵای هەناومەوە پەیامێکی تازەی پێیە

لە ناخمدا نمایشە و سەدای تۆیە لە گشت جێیە

ئەم ئەسرینە شرینانەش لەهەوری محبەتەوە دەبارێنە بەرپێتەوە

تاخۆڵی ڕێگەت بمرێنن

نەک تەپوتۆز سیمای پاکت بشێوێنن

ئەم وشانەش دەئاڵێنە سێبەرەکەت تا لەژێریا ئۆقرەبگرن

کۆپلە شعرێک پێکبهێنن

هەناسەکەم عشقم شیتەو هەموو شتێکی خۆش ئەوێت

ئەو پیتانەی کە شانازی ناوی تۆیان پێدراوە

ئەو نیشتمانەی کە ئامێزی بۆت وڵایە

ئەو کانیاوەی بوە بەشەونمی ڕووت

ئەو هەورانەشم خۆش ئەوێت کە دەبوونە کەپری سەفەر

چاوەڕێ بوون تا بێیتەدەر

خۆشم ئەوون من هەمووشتێکم خۆش ئەوێت

هەر ئاسمانێک ساتیک لەژێریا خەوتبیت

**هەر خاکێک یەک جار پێکانتی ماچ کردبێت**

**هەر پەنجەیەک تەپوتۆزی سەر ڕومەتی تۆی سڕیبێ**

**هەر پۆشاکێک بەعارەقی تۆ ئاشنابێت**

**هەر دەنگێک بزەی پێدابی**

**هەر دڵی مەیلی پێدابی**

**خۆشم ئەوێن خۆشم ئەوێن**

**خاکی** 2013

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

## ئازیزەکەم

ئازیزەکەم ئێستا دڵم هەوارگەیەو

باخچەیەکی هیوای تیایە

جیاواز لەگوڵ وگوڵزاری ئەم دنیایە

چونکە چرۆی عشقی پیرۆزی تۆی تیایە

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

ئەی هەناسەی زستانی سەختی شارەکەم❊

زۆر زویرە لێت دڵە پڕ ئازارەکەم

بۆ بیرت چوو ئەم چرۆیە لە بەهارە ژاکاوەکەت

خۆ دوعاگۆیە هەمیشە تا گەشبێت هەردوو چاوەکەت

---

❊ ئەم پارچە هۆنراوەیەش پێشکەشە بە برای بەڕێزم نالی پێنجزێنی دوای ئەوەی سەفەری کردوو ماوەیەکی زۆر هەواڵی نەپرسین

## *هەرخۆت بڕۆ........................

من سپێدە چاوەڕێمە و پەلکەزێڕینە یاریم لەگەڵ دەکات

هەرخۆت بڕۆ

من گەروم بوە بە شمشالی نەسیمی سەحەری ئەم وڵاتە

هەرخۆت بڕۆ

قژم بوە بەهێلانە و

باڵام بووە بەسێبەر و

هەناسەشم باوەشێنی منداڵانی ئەم نیشتمانە دەکات

هەرخۆت بڕۆ

من چاوەکانم ئاوێنەی وڵاتێکن و پەنجەکانم شانەی عشامێکە ن

هەرخۆت بڕۆ

من گوێکانم پڕن لە گریانی منداڵە برسیەکان و

دڵم پڕپڕە لەعشق و پڕپڕە لە مرۆڤ و پڕپڕە لە جریوە

هەرخۆت بڕۆ

من هیشتا ڕەشمالی هەنسک و باوەشی ئومێدم

هەرخۆت بڕۆ

من تەنیانیم و لەگەڵ پیرۆزیەکان پێدەکەنم

هەرخۆت بڕۆمن مەبە

تۆ پڕپڕی لەتاریکی و من سپی سپیی

تۆ هەناسە لیت وەڕسە و منیش بووم بەهەناسە

هەرخۆت بڕۆ

تۆ یاخیت لە سێبەری خۆت منیش بووم بەسێبەر

هەرخۆت بڕۆ

گوێکانت بەڕۆڕۆی دایکان ئارام ئەگری منیش ئوقرەم لێئەبڕی

هەرخۆت بڕۆ

**تۆ ڕەشماڵی مەرگ و باوەشی رقی دەی بڕۆ**

**تۆ تەنهایت و پیرۆزیەکانت شەرمەزارکردوە دەی بڕۆ**

**من مەبە لەگەڵ خۆت**

**دەی بڕۆ پەنجەت لە نیو دڵی هیوام دەربهێنە هەرخۆت بڕۆ دەی بڕۆ.**

**خاکی** 2013-9-30

---

**※بۆ ئەوانەی جەستەی خۆیان ئەکەنە بۆمبی مەرگ خەڵکیش بی تاوانیش لەگەڵ خۆیان ئەبەن**

## تریفەی عشق......................

**هەموشەوێ تێر سەیری تریفەی گەشت ئەکەم**

**هێدی هێدی رۆحم بەلای عیشقی پیرۆزتەوە خەولێدەخەم**

**لەخەویشما دەچمەشارێ پاشاکەی تۆی**

**لەوێش رۆحم بەشنەوە ئەڵێ ئۆخەی**

**خۆر و سپێدەی من لای تۆیە**

**تۆش لە دڵمای .............**

**کەواتە شەو هەر درۆیە**

**من حەز دەکەم بچمە بەهەشت**

**تۆ بەهەشتی هاتویتە ناو هەناومەوە**

**جەهەنەمم ئەو کاتەیە لەعشقی تۆ جیاببمەوە.**

**خاکی** 2012-7-4

## *شەوی شکۆدار.................

رووحی شەکەت چاوەڕێ بوو تا شەماڵی عشقت هەڵکا

پەیتا پەیتا خەرمانی تاوانی ژینم شەن و کەوکا

چاوەرێ بوو تا ئەوشەوەی ئاسمان ئەگری ئەسرینی مەلەکوت دێتە خوار

دەڕژێتە هەناوی هەڵقرچاوی خاکی هەژار

چاوە ڕێ بووم  تا پرژەی نور ببارێتە کۆشی زەوی

لەم شا مەراسیمەی عشقەدا  بۆ چرکەیەکیش نەخەوی

ئەی ڕوخساری ژاکاوی پڕ لەتاوانت

ئەی ئەسرینی شەرمەزاری نێو چاوانت

چاوەڕێی نەرمەبارانی سەرباڵی پەریەکان نەبوون؟

ئەی پەنجە لەرزۆکەکانت خۆیان بۆشەوی دوعا نەشۆرد بوو؟

کۆڕی زکری سەرەمەرگت لەلای دڵت نەگرتبوو ?

بیرت نایەت کە نەت ئەویست ئاوا بێ ناز

بێ تریفە و گزنگی خۆر بەتەنیا سەربنیتەوە؟

چاوەڕێی شەوی شکۆ بوویت

تا بە نەرمە ئەسرینی مەلەکوت جەستەی پیست بشۆیتەوە

بچیتەوە بۆلای دڵە وێرانەکەت

بیکەیتەوە بە هێلانەی عشقی پیرۆز

تاجی سەلامی لەسەرکەی

بەو تاجەوە بیبەیتەوە بۆناو دنیاو

هەموو دنیاشی لێدەرکەی .

---

*شەوی شکۆدا واتە شەوی قەدر

## کاتێک باوک ئەگری .................

گوێم لەدەنگی گریانێک بوو سەرم هەڵبڕی بینیم هاوڕێەکی خۆشەویستمە لەبندیواریکدا دانیشتوە پیاوانە بەکوڵ ئەگری کەبینیم گرم تێبەربوو ئەمزانی بۆ دەگری لەدورەوە سەیرم دەکرد و ئەسرینی چاوەکانی منیش هۆن هۆن بەڕومەتما هاتنەخوار ئەو ڕۆژە ڕۆژی زەماوەندی کچە گوڵەکەی بوو ئەو ئیتر لەماڵی باوکەگیانی ئەڕوات ئەو ئیتر هێلانە و ئارامگای بابەبەو دایە گیان جێدێڵێ ئەو ئیتر بەمیوانی دێتەوە بۆ ناو ئەم هێلانەیە هەستی باوکێک وێناناکرێت، ئەسرینی نهێنی ئاڵتون ئاسای ئەم باوکە هێندەی تر گەورەیی و جوانی باوکی پیشان ئەدام، ئیتر تۆ ئەی جەرگی بابە چۆن ئەتوانی لەم بونەووره پیرۆز و دڵسۆزە شت بشاریتەوە ئەی چۆن ئەتوانی بە دژی خواستەکانی ئە هەنگاو بنێت چۆن قەدری ئەم گەوهەرە نازانی کەبۆتۆ بوەتە خەڵوز، تۆش ئەی کوڕی ئازیز و خۆشەویستم کاکی زاوا بیرت نەچێت ئەمە دڵی باوکێکە بۆ کچکەی جۆشاوەو بەدزییەوە لەبندیوارو کۆڵانەکاندا بەدەم ڕێوە قوڵپی گریان هەموو جەستەی داگیرکردوە بیرت ئەم ئەسرینانەت بێت و شکۆ کەسایەتی ئەم نازدارەی بابە و دایە بپارێزە و بێڕێزی هەرگیس پێنەکەیت.

خاکی ٢٠١٨

## شەونمی مەرگ ......................

ڕۆژێ ئارەق ئەم ناوچاوە دادەپۆشێ

دەبێتە شەونمی مەرگم

نکە و ناڵە دەبێتە زەۆرترین وشەوو و

مەترێ خام ئەبێتە بەرگم

بەئاماژەی پزیشکەکان

بێ هیوایی گڕی خۆی بەردەداتە جەرگم

ئیدی ئەسرینی گەرمی دۆستانم شەماڵی وەفای یارانە

روحی سەرسامم شاد ئەبێت لەژێر ئەو نەرمەبارانە

لە خامۆشگە بەرد و خۆڵ پێخەفی خەوە

تەنها چاکە ئەستێرەو ڕوناکی شەوە

دوای سەردەمێک کەسێک نایەتە سەردانم

لەبیری و ئەندێشەی کەسدا نامێنیتەوە ژیانم

تەنها چاوم بڕیوەتە شەپۆلی میهری بێ پایان

کەدای پۆشی ڕۆح و جەستەی خاکی بێفەری ناشایان.

خاکی.

## شەڕی ڕۆح و جوستە..................

لەگەڵ رۆحما بوبەشەڕمان

ووتم بڕۆ واز لەجستەی ماندووم  بێنە

هەر دەرۆیشت و ئەهاتەوە

تاشەویکیان

بردم لەگوێ ڕوبارێک دا دام بە ئاوا

لەو کاتەوە

بێ ڕۆح دەژیم

هەردەرگایەک دەهاتەڕێم

لەبەردەمیا وەنەوزی خەو ئەیبردمەوە

چاوەڕێ بووم ڕۆحی تۆراوم  بێتەوە

شەوێک بەدەم ئازارەوە

خەوم لێکەوت لە سەر بەردە نوێژەکەتان

بەخەوتویش چاوم بڕیبوە ڕێگەتان

لەناکاو دا بە ئە سپایی

دەرگا کەتان کرایەوە

بەبزیەکی نەرمەوە ڕوت تێکردم

منیش بەدەم گریانەوە

هاتم بەدەم هەنگاوە نەرمەکانتەوە

هەر کەلێت نزیک بوومەوە

توند گوشیمیت بەخۆمەوە

کاتێک کەخەبەر بوومەوە

بوبویتە رۆح هاتبویتە جەستەمەوە..

خاکی 2013/1/23

## بەهەشتی من.............................

هەموشەوێ تێر سەیری تریفەی گەشت ئەکەم

ڕۆحی شەکەت بەلای عیشقی پیرۆزتەوە خەولێدەخەم

لەخەویشما دەچمەشارێ پاشاکەی تۆی

لەوێش رۆحم بەشنەوە ئەڵێ ئۆخەی

خۆر و سپێدەی من لای تۆیە

تۆش لە دڵمای

کەواتە شەو لەم فەرهەنگەدا درۆیە

بەهەشت حەزە بچمە ناوی

تۆ بەهەشتی هاتویتە ناو هەناومەوە

جەهەنەمم ئەو کاتەیە لەعشقی تۆ جیاببمەوە.

خاکی 4-7-2012

## نیشتمان چەمکێکی گەورەتر لەپارچە زەوییەک.......

نیشتمان ئەو پارچە زەویەی لەسەری دەژین سنورێکی دیاریکراوەو ئۆقرەی لەسەردەگرین خۆشمان ئەوێت و خۆشی ئەوین، پیرۆز بوە لەلامان و پاراستنی بوەتە ئەرک و بە هەموو پێوەرێکی ئاسمانی و زەمینی فیدا کاری لەپێناویا پەیوەست بوونی ئاینی و نیشتمانی و ئەخلاقیە.

تائێرە هەمووان هاوڕان لەگەڵم و شتێکی تازەمان نەوتووە کورد واتەنی مەڵۆیەکمان نەخستۆتە سەر شارا بەڵام پرسیاری ڕاستەقینە ئەوەیە ئەرێ خاک و ئاو و دار و بەرد ، شاخ و دەشت بۆچی و چۆن و لە چیەوە پیرۆزی وەردەگرن؟

بەڕاستی بەرد لە هەموو دنیادا هەر بەردەو خاکیش هەر خاکە،

هەر یەک لە ئێمە لە هەر شوێنیکی ئەم زەمینە تۆوێک بخاتە ژێر زەوی سەوز دەبێت و ناپرسێت ئێرە نیشتمانی تۆ نیە

لە ژێر هەر دارێکدا ووچان بدەیت سیبەرەکەی ئەتحەوێنیتەوە ناڵێت ئێرە نیشتمانی تۆ نیەو نابێت لەژێر ئەم سێبەرا ووچان بدەیت،

بچیتە سەر هەر کانیاوێک قومێ ئاو نۆش کەیت ناپرسێت تۆ کێیت و ناڵێت ئاو مەخۆرەوە ئێرە نیشتمانی تۆ نیە...

ئەرێ دەی نیشتمان ئەم گەوهەرە بەنرخە کامەیە کە هەمووان دەبینەقوربانی بۆی،

نیشمان واتای داروو بەرد و ئاو شاخ و دەشت و کانی و ڕوبار نیە بەتەنها بەڵکو نیشتمان ئەو باوەشە گەورەیە یە کە ئارامی ئەداتە مرۆڤەکان و هەمووان تیایدا پارێزراو و سەر بەرز و ئازاد و شکۆ مەندن، هەموو چێژ لە ئامێزی نیشتمان وەردەگرن بۆن و باوەشی زام و برینەکانمان سارێژ دەکات ، ئالیرەوەیە نیشتمان پیرۆز دەبێت کە پیرۆزەکانی لە سەردەژێ و لە سێبەریا پشوو دەدەن و لە هەناویا جەستەپیرۆزەکان هەڵئەگرێ، کەواتە پاراستنی نیشتمانێک کە کەرامەت و شکۆ مەندی مرۆڤە کان تیایا پارێزاوە ئەرکێ پیرۆزە و پاراستنی شکۆمەندی مرۆڤە کانە.

ئەو مرۆڤانەش کە دەبنە پێشەنگی مەرگ و ئامانجیان پاراستنی ئەم دایکە گەورە یە

تا ئامێزی والآبێت بۆ هەمووان دەبنە تاجی شکۆمەندی و نیشتمان ئەیان کاتە سەری

خۆی و بۆ هەمیشە لە لوتکەی پیرۆزیا ئەیان پارێزێ.

خاکی 2014

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

## مەولودی گوڵ................

دەمێکە چاوم بڕیوەتە پەڕەی ناسکی ڕەنگینت

دیاربوو باڵات زۆر سەنگینە

سیمات لەشەوەزەنگی ژینمدا بووبوو بەمانگ

چۆڕەی ئەسرینی پیرۆزت بوو بوو بەبانگ

ئەم شەو شەماڵ بەهێواشی

شەش پەڵکەی پرچتی کردەوە

ئازایانە لە دامێنی چیاو بەبەرچاوی ئەستێرە وە شانەی کرد و

تاڵ تاڵ هەمووی خاوکردەوە

ئەمشەو

ئەسرینی چاو گوڵاو پژێنی روحی کرد و

ڕەگ پیرە قەد و گەڵای ماچ دەکرد،

تاشە بەرد چیای ماچ دەکرد

**ئەم شەو**

**گڕەم بینی خۆی ئەشۆرد و بەئەسپایی هەناسەی ئەدا**

**دڵۆپی قەوی قەوی ئەسرین بەڕوی دەریادا ئەهاتە خوار**

**هەر ئەم شەو**

**شەوم بینی بەدوای تاریکیدا ئەگەڕا**

**هەموو ئەم شەو هەر سەحەر بوو**

**کەڵەشێریش کاتی بانگی لێتێک چوو بوو**

**گمەی عاشقانەی ئەم شەوی کۆتر و**

**نەغمەی بانگی ئەم بەیانیە بێ سەحەرە**

**بۆ هەمیشە شنە بەرووحی گوڵ دەدات**

**پەروانە ئەم شەو بە بەدەوری شەوقتا خولی ئەدا**

**بۆنی هەناسەی ئەکردی**

**چاوەڕێ بوو هەڵپڕوزێ خۆی بەقوربانت بکا**

**تۆش لە دەریای مەحەبەتا غەرقت ئەکرد**

کە تۆی بینی شەرمی دەکرد نازناوی عشق هەڵگرێ

ملوانکەکەی  ملی خۆی داکەند و

کردی بەبەرۆکی تۆدا.

خاکی  2012-5-3

❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊

تۆ بەهەشتی هاتویتە ناو هەناومەوە

جەهەنەمم ئەو کاتەیە لەعشقی تۆ جیاببمەوە.

❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊

## ووچانی رووح......................

لەسەر باڵی تریفە و بەشەقامەکانی عشقا سەری خۆمم هەڵگرتوو هاتم

بەنێو ئاوازی گریان و جۆگەلەی ئەسرینی شەو بێدارانا هاتم

لەگەڵ سەمای گەڵا وەریوە زیزەکانی نیشتمانی ئەوینا هاتم

لەگەڵ نمە پیرۆزەکانی باران و هەناسە تاساوەکانی سەحەری دەم بە نزایا هاتم

هاتم تا لەگەڵ نەسیمی هەناسەتا ئاوێزانبم

تاڕەنگی وەنەوشەیی ووشەکانت بگرم

هاتم تا بە پرژەی ئەسرینە پیرۆزەکانت دەست نوێژبگرم

تا لە سێبەری باڵاتا ووچانێک بەرۆحم بدەم .

خاکی

## جەژنی سپی......................

من لەجەژنا دەبمە تۆپەڵێ عشقی منداڵی

من لەجەژنا دەبمە هەناسەی کۆتریکی تاراو

ئەبمە ئەسرینی چاوی دایکێکی جەرگ سوتاو

من لەجەژنا ئەبمە جریوەی پاساریە بێ هێلانەکان

ئەبمە گزنگی خۆری پێشمەرگەیەکی ناو تەپوتۆزی سەحرا

من لەجەژنا ئەبمە تنۆکێ ئەوین و ئەتکێمە دڵێکی شکاوەوە

ئەبارێمە سەر ڕوخسارێکی تۆراو

ئەئالێمە پەلکەی سپی داپیرەیەکی ئەنفال کراو

ئەچمە وە دڵی بەسۆی نیشتمانێکی سەربڕاو

من لەجەژنا ئەبمە ڕەنگاڵەی باڵە هەڵپڕوزاوەکانی پەروانە

ئەبمە ئەڵقەی دە ستگیرانی چرۆ و هیوا

من ئەبمە قومێک ئاو و گەروی ڕوبارێک تەڕ ئەکەم

هەناوی گڕگرتووی ماسیە تۆقیوەکان فێنک ئەکەمەوە

من هەموو جەژنێ لەبەردەم شکۆی دایکێکا دێم بەچۆکا

لەبەردەم ئابڕوی تکاوی گوڵێکی هەلپڕوکاوا سەر نەوی ئەکەم

من ئیتر هەموو جەژنێ ئەبمە جەژنی خەیاڵە سپیەکان

ئەبمە گریانێکی بەخوڕی هەورە سپیەکان

ئەبمە جەژنی هەنسکە سپیەکان و بەشعلەی عشقی منداڵان

هەچی کەپری ڕقە ئەی سوتێنم

بەگڕەکەی ئەنووسم خۆشەویستی

خاکی 2016/7/6

## وەرە ڕوحم داگیرسێنە..............

وەرە ڕۆحم داگیرسێنە

ئەی شوعلەی پڕ عشق و وەفا

وەرە ڕۆحم داگیرسێنە

جەستەم هەمیشە بێ گڕ ئەسوتێ

من لەدوکەڵا خنکاوم

ساتێ نیە نەبارێیتە مەزرای  دڵی شڵەقاوم

وەلێ هەر بەهار نابینم

چی بکەم خاکی سوتاوە دڵی من

ئەبێ بێم و خاکی ژێر پێت کۆوەکەم

بیکەمە مێخەک و میسک و هەمیشە بۆی پێوەکەم

من تەنها پەیکەرێ گڵم

ڕۆحم سەرگەردانە لەم کۆشکە قوڕینەدا

چاوەڕێی لیقای ڕووی تۆیە هەتا ڕۆحم داگیرسێنێ

خۆ داوای بەدری ڕووت ناکەم بە مشتێ تریفەی ڕووی یەک شەوت ڕازیم

شەرمەزاری لای ڕۆحمم مەکە

تەنها نەسیمی هەناسەت یەک جار بەسە

تۆ کەی سواڵکەری بەر دەرگای خۆتت دەرکردوە

باهەموو دنیا پێم بڵێن شێتە

بەدکارە یان ناکەسە

من هەرچاوەڕێی تیماری زامم

تە نها نیگای چاوێکی تۆم بەسە

خاکی 2015-12-21/20

## هەناسەی گوڵ...................

کاتێک شعلەت کۆشکی هیوا لەناو سینەی  چۆڵما دروستدەکات

کاتێک نەرمەبارانی لێوەکانت دەبارێتە دڵی سەختم

با لاواز و روو زەردیشبم

هەرخاوەنی کێوێ بەختم

کاتێک سیمات ئەبێتە ئاسمانی دیدەم

بۆنت ئەپرژێتە دڵم

من ئەوکاتە بەرزەفڕم

مەلی رووحم باڵا ئەکا

باکم نیە مشتێ قوڕم

ئەزیزەکەم

من پێویستم بەهەناسەی سینەی تۆیە

هەوا هەمووی ژەهراویە سینەی تۆ پاڵفتەی دەکا

من پێویستم بە نیگای چاوەکانی تۆیە

هیچ نابینم تاریکستانە گشت جێیە

ئەزیزەکەم

من ئیتر نازانم کە کێم

تەنها نزیکیی تۆم ئەوێ

ئەزیزەکەم

دڵم گلەییم لێدەکات

ئەڵێ ئەم نیشتمانە بۆ چۆڵە

داوای بۆنی جەستەت ئەکا

بەدوای عشق تۆدا وێڵە

خاکی 2015

## مانگی نور..................

ئەم خۆری دڵە ئەم بەهاری ڕووحە ئەم بەدری شەوە ئەم چرای سیراجی منیرە تادێت شەوق ئەداتەوە ، ئەوە عاشقەکانن صەفوەتی عشقیان لێڵ دەبێت و پەڕەی هەڵپڕوزاوی باڵیان ئەپروزێ و هەرزاڵی پەرستشیان ئەشێوێت و هاواری رووحیان بەرزدەبێتەوە بۆ بۆ ئاسمان بێئەوەی هەواری کەسیش بشێوێنن بێ ئەوەی نەشئەی ئەوینی کەس بتۆرێنن.

لەم مانگە ڕەحمەت ئامێزە مەزرای دڵە شڵەقاوە کانمان بە نمەی پەرستش و پرژەی پیرۆزی ئایەتەکانی نور ئەخوسێنین ، بۆنی ژیانی مەلەکوت و چێژی بەرائەت دەکەین، ڕوحمان شنەی باڵا دەکات و سفرەی ئیفتاریشمان بەهەشتێکی بچوکی خێزانی دەنەخشێنێ.

ئاوەدان کردنەوەی شەوە چۆڵەکان وتێک شکانی تاریکیەکان سەرەتای سپێدەی روحمانە ،ئیدی سەحەری عشق و نزای خەڵوەت و ئەشکی چاوەکانمان بەهارستانی

ژینمانە، ئەم کۆڕی عاشقانە ئەم مەنزڵی رۆحە هەوێنی حۆشەویستیمانە و هیجرەتی کینەیە لەدڵمانا، ئەم مانگە خولی سپی کردنەوەی دڵ و ئاشنابونە بەجوانیەکانی رووح و پەی بردنە بە کەناری ئارامی.

لێرە کانیاوی خۆشەویستی هەڵ ئەقوڵێ و هەموان ئەگرێتەوە و هەواری عشق و نەسیمی بەرائەت ئەخولقێنێ و دەبێتە مەنزڵی رووح.

خاکی 11 ڕەمەزان 2012

---

- هەرزاڵ= بەکەپرێکی سادە دەوترێت کە جوتیارەکان لە دەشتەمانیان یان لە سەر خەرمان و شوێنی کەشاوەرزیان دروستی دەکەن و وۆر جاریش شەوان لەسەری دەخەون بەو جۆرە دروست کراوە.
- صەفوەت= پاکی و ڕوونی ووشەکە عەرەبیە بەکارهاتوە بۆ موناجات زیاتر بەکاردێت
- سفرەی ئیفتار= سفرەی ئیوارەی رۆژوو شکاندن

## *کۆچی گەنجان.............................

مەڕۆن ئەی بازنەکانی دەستی نیشتمان مەڕۆن

ئەی قردێلەکانی قژی شار مەڕۆن

مەڕۆن ئەی هەناسەکانی  کەنار و سروە ناسکەکانی شەو مەڕۆن

ئەی نمەی ئەسرینە  کانی گوڵ مەڕۆن

مەڕۆن ئەی  باوەشە بێنازەکانی  ئەوین  مەڕۆن

مەڕۆن ڕوبارەکان بەخشەی پێیەکانتان سەمادەکەن

گەڵا وەریوەکان چاوەڕیی وچانێکی عەسرانی  ئێوەن

مەڕۆن ئەی چرۆکانی ژیانەوە  شەماڵ بەدواتانا ئەگری

مەڕۆن  هەنسکی منداڵەکان بانگتان دەکەن

مەڕۆن خۆڵی نیشتمان جێ پێیەکانتانی کردۆتە تابلۆ هەموو سەیری دەکەین

مەڕۆن ئەی تریفەکانی عشق مەڕۆن

**کێلی ئازیزان بەرگەی دوریتان ناگرێت**

**مەڕۆن ئەگەر هەر ئەڕۆن**

**چیاش لەگەڵ خۆتان ببەن**

**شەقامەکانیش ببەسنە پشتان**

**پاساریەکانیش سەربڕن**

**مەڕۆن کانی و بەردەنوێژ بەتەنیا جێمەهێڵن**

**مەڕۆن ئەی ترپەیکانی دڵی هیوا**

**مەڕۆن ئەسرینەکانی سەر ڕوە پیرۆزەکانی دایک جێمەهێڵن**

**مەڕۆن شەونمی ڕوی گەڵاکانی سپێدە بانگتان دەکەن**

**کۆترە برسیەکان لەگەڵ سەحەرا گویَ قولاغی دەنگتانن بەوورتەی بەیانیانتان**

**ئۆقرە ئەگرن**

**مەڕۆن ئێوە جەستەتان بۆنی خاک و پرچتان بۆنی بەڕو جەوتی لێدێت**

**مەڕۆن پڕمەی گریانیشتان ئارامی ئەداتە پرچی ئاڵۆزاوی کچانی ئەم نیشتمانە**

**مەڕۆن ئێوە ملوانكەی چیا و شمشاڵی بەهاری ئەم دەڤەرەن**

**ئێوە هەناسەی ژیان و ڕەنگی پەلكەزێرینەی ئەم نیشتمانەن**

**مەڕۆن خاك ڕۆڕۆیەتی بەدواتانا**

**مەڕۆن گوڵ چاوی سپی بووە و دڕك بەكەیفەوە سەمادەكات**

**مەڕۆن نیشتمان خوساوە و جەستەی سڕە و حەبەساوە مەڕۆن**

**خاكی** 2015

❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋

## ئایلان پەیکەری مەرگی پیرۆز.............................

ئایلان ئەی مەدالیای ژانی سەردەم

ئەی هەنسکی منداڵە خنکاوەکان

ئەی پەیامبەری گوڵ و پێکەنینی دەریا

تۆ ئەی بزەی ماسی و ماچی کەنار

ئەی ترۆپکی جوانی و ترۆپکی ژان

ئەوە دەریا لێوەکانی ماچکردویت

ئەوە کەنار ئامێزی بۆتکردۆتەوە

ماسیەکان سەمات بۆ دەکەن

هەستە مەگری هەستە مەگری

دەریا دوای تۆ شەپۆلەکانی شێت بووە

کەنار دەریای جێهێشتوە

هەستە بڕۆ بۆلای  منداڵانی هەڵەبجە

هەستە بڕۆ  بۆلای منداڵە خەوتوەکانی  ماڵە ڕوخاوەکانی دەڤەری شەڕ*

هەستە بڕۆ  بۆلای ئەو  ئایلانانە کە پەنجە لەدەمیان ڕادەدەن مەمکی خاڵی

ئەچەکێنن

ئایلانەکان

ڕۆژنیە  پرژەی تفتانم بەرنەکەویٚ

قەت نایپسرِم بەڕومەوە

هەتا بۆنی  ئێوەم لێبیٚ

تفم لێکەن پێنوسەکەم درۆدەکات

تفم لێکەن دەست و پەنجەم درۆدەکات

تفم لێکەن ئەسرینی چاوەکانم درۆدەکەن

تفم لێکەن گوێیەکانم  درۆدەکەن

من گوێم  لیٚ بوو پڕبە دنیا پڕ بەئاسمان هاوارتان کرد

من دەزانم دایەدایەت دڵی دەریای هەژاندوە

جەستەی ماسی تەزاندوە

ئەی تابلۆی ژان چرۆی ئەوین

بە ئەسپایی وەک چەخماخە دات لەدڵمان

ووتت بستەخاکێک نەبوو بۆمن

تالەباوەشیا تێر تێر بنووم

تێر پێکەنم یاری بکەم

ئێستەش من گوێم لێتە ئەڵێیت مەمخەنە ناو ئەو گۆڕە

ئەوە نیشتمانی من نیە من نیشتمانم دەریایە

لەویٚ ئیتر خەمم نیە کەس خەبەرم ناکاتەوە

شوێنێکم نیە بیفرۆشن بیکەنە کۆشک

ئەزیزەکەم بە شەرمەوە دوا هەناسەت ئەکەینە گوڵاوی دڵمان

بۆ هەمیشە لەگەڵ دەریای ستەم و شەپۆلی ژانا شەڕدەکەین

بەهاواری ئایلاینەکان گوێی هەموو دنیا کەڕ دەکەین

خاکی 2015

*منداڵانی دەڤەری شەڕ= مەبەست لەو منداڵانەی کە وڵاتەکانیان شەڕو کوشتاری تیایە

و دنیای جوانی منداڵانیان شێواندوە.

## ماچی باران...............

**من بارانم تک تک دەبارێمە باوەشی خاک و ماچی دەکەم**

**گەر نایەڵن دەنگی ماچم بگاتە گوڵ من نابارێم**

**من پاساریم ئاشنای گوێسەبانەی ئێوەم**

**گەر ڕێ لەجریوەم ئەگرن گوێسەبانەی ئێوەم ناوێ**

**من کۆترم دەستەمۆی پەنجەو دەنگتانم**

**گەر ڕێ لە گەمە و زکری سوبحانەم ئەگرن دان و نانی ئێوەم ناوێ**

**من سەگی بەردەرگاکەتانم**

**گەر ڕێ لە وەفاداریم ئەگرن کولێرەو کولانەی ئێوەم ناوێ**

**من سەمای گەڵای دارەکانتانم**

**گەر ڕێ لە ئاوازی کۆچ و خشەی سەفەری پایزەم ئەگرن نیشتمانی ئێوەم ناوێ**

**من ئاوی لێڵی کانیە کوێرۆ بوەکانی ئێوەم   گەر ڕێدەگرن لەچۆڕەی پلوسکەکانم**

ئاوی حەیاتی ناو پەرداخە زێڕینەکانی ئێوەم ناوێ

من یاخیێم و هێلانەی دەسکردی ئێوەم ناوێ

من سرکم و چوارچێوە دیوارم ناوێ

من عاشقم و یاری درۆینەی ئێوەم ناوێ

خاکی 30-11-2013

---

لەم هۆنراوەیەدا خاکی ئەیەوێت بڵێت من سروشتی خۆمم هەیە کە شکۆمەندی و کەرامەتی منن پیرۆزیەکانی منن بۆ هیچ شتێک ئەوسروشتەی کە خوای گەورە لە ناخمانداچاندویەتی نابێت سازشی لەسەر بکەم

- پلوسکە = بۆریک یان قامیشێک دەکرێتە لولەی کانیاوەکان ئاوی پیادێتە خوار
- گوێسەبانە= بەوبەشەی سەری ماڵان دەوترێت کە دەردەچێت بۆ پێشەوەی ماڵەکان کاتی خۆی بەدار ماڵەکان دارەڕادەکران و لەپێشەوە لەبەر باران کێک لەسەردیوارەکە دەهاتەپێشەوە وە چۆلەکەکان هێلانەیان تێدا دروست دەکرد
- سرک=بەئاژەڵێک یان زیندەوەرێک دەڵێن کە دەسەمۆ نابێت یاخی دەبێت

****************************************

## تنۆکێ وەفا بۆ مامۆستا شریف*

حەزمان لێیە زەردەی سەر لێوەماندوەکەت

وەک وباران بباریتە دڵمانەوە

بێبە خورەم جەستەو ڕۆحمان بشواتەوە

حەزمان لێیە چرۆی هیوا ت لەدڵمانا موتوربەکەین

تا بەهارستانی نیگای تۆ هەڵباتەوە

حەزمان لێیە شەپۆلی ووشەی شیرینت ڕامانماڵێ

لەکۆڕێکا وەک و جاران بمانخاتەوە پێکەنینین

جارجار کۆپلەشعرێک بڵێیت پڕ لە ئەوین

حەزمان لێە بچینەوە ناو پۆلێک و دەستەکانت بخیتەوە ناوگیرفانت

هەر بەجوڵەی چاوەکانت بێیتەوە گۆ

نەرم نەرم بتکێیتەوە ناو هەناومان

حەزمان لێیە تورە بوونی دڵی سپیت

نەک هەر جارێک سەدان جاریش هەڵکاتەوە

تا دوایی بێیت یەک یەک ڕومان ماچکەیتەوە

ئازیز هەموو زویرین لێت

بەئەسپای بێدەنگ ڕۆشتی حواحافیزیت لێنەکردین

پێش زەردەی خۆر زەردەیەکی نەرمت کرد و لەگەڵ خۆرا ئاوابویت و

سپێدە نەگەڕایتەوە

ئازیزەکەم پێنوسەکەت چاوەڕێی پەنجە ماندوە کانی تۆیە تا توند لە ئامێزی گرێ

مانی گرتوەو نایەڵێت کەس هەڵی گرێ

ئازیز خونچە چاوەڕێتە داوای گۆرانی تۆدەکا

چاوەڕێیە لەسێبەرتا ماڵەباجێنە یەک بکا

ئازیزەکەم

ئەم دەڤەرە تینووی زەردەخەنەی تۆیە

لای مامۆستا و لای خوێنکار و لای خونچە گیان باس هەر باسی عشقی تۆیە

فێرخوازەکان بەچاوی پڕلەئەسرینەوە باوەش باوەش گوڵیان پێیە

پرناکێشن بیبەن لەسەر خامۆشگەکەت بەجێیبێڵن ئەڵێن ئەو لەدڵمانایە

خاکی 2013

---

*مامۆستایەکی ئەزیز و خۆشەویستمان کوڕی پیاوێکی هەژار و خواناس و دڵسۆز بە هەژا چەرمەسەری هەچۆن بوو خوێندنی ماستەری لە فەرەنسا تەواوکرد و گەڕایەوە هەڵەبجەو لە پەیمانگاتەکنیکی هەلەبجە وانەی ئەوتەوە بەلام ئەجەل ڕێگەی نەدا لەژێر سێبەری رەنج و مانوبونەکەیدا پشوویەك بدات چویەوە بەردەرگای پەروەردگار هیواخواز و دوعاگۆین خوای گەورە لای خۆی پشووی هەمیشەیی پێبدات ئەم هۆنراوەیە پێشکەشە بە رۆحەسپیەکەی ماستا شریف

*****************************************

## جەژنە پیرۆزە

چی بنوسم تا پێتان بڵێم پیرۆزبێت

ئێوە پیرۆزەی ژینمن

چۆن پێتان بڵێم خۆشمەوێن

کە ئێوە گورو تینمن

*************************************

## *ئەنفال زامی ڕووح و هاوارێکی هەمیشەیی.....................

ئەم دەڤەرە هەمووی شوێنەواری زامەو هەموو ساتێك ئازاری لێ ئەچۆڕێ ئەم نیشتمانە پڕپیەتی لە دایکی دڵ سپی جل ڕەش و پریەتی لەو منداڵانەی ووشەی بابە نازانن ,ئەم هەواری ژان و نیشتمانی شکۆیە هەمیشە قریشکەی دێ هەمیشەبارانی ئەشکی لێدەبارێ , لێرە مرۆڤەکان بە شکۆمەندی ئەمرن خاك بە شەرمەوە دەبێتە پێخەفیان ئەستێرە هەر ئەگری و مانگ عاشقی بەرائەتی زیندە بەچاڵەکانی ئەنفالە, کوڕینە وەرن دەستێك بێنن بەسەر ڕووی تۆزاوی منداڵە ئەنفالەکاندا وەرن بچینە هەناوی ئەنفال و بچینە دڵە گەرمەکەی گەرمیان لە نزیکەوە سیمای شەهیدانی ئەنفال لە باوەشی گێژەڵوکەی بیابانەکان و لە ڕوی شەونماوی گوڵە تۆقیوەکانی گەرمیانا ببینن وەرن ئەزیزانم وەرن با بچین چاوی بەجێماوی ئەنفالێك ماچ بکەین تا ڕووحمان نەفرەتمان لێ نەکات. خاکی2015

---

*هەڵبەتە وەک عامەی خەڵک ووشەی ئەنفال بەکارهاتوە هەرچەندە ووشەکە لەقورئانی پیرۆزدا بۆ کەلو پەل و دەسکەوتەکانی جەنگ بەکار هاتووە بەلام ڕژێمی ستمکاری بەعس هاتووە ئەم وەشیەی بۆ بەفرکردنی گەلێک داناوە تا هاو پەیمانەکانی خۆی پێبخەڵەتێنێ و لەخانەی جینۆساید و کۆمەل کوژی بیکاتەدەرەوە بۆیە باشترە وەک گەلێکی کۆمەل کوژ کراو لەگەڵ ئۆپراسۆنەکانی ئەنفال ووشەی جینۆساید و کۆمەڵ کوژی بەکاربێننین تا واتا راستکەی خۆی کە تاوانی جەنگ و پارتاوکردنی نەتەوییە وەربگرێتەوە.

## بۆنی هەناسەت....................

شەماڵی هەناسە و بۆنی مێخەکی ملت

ئەو بەهاری ژینمە

سێبەری بەژن و دەنگی پێت

مەنزڵ و کەپری پڕ سەدای برینمە

لاکردنەوەی بەنازت لەتە مانگی شەوی پڕ ئازارمە

تۆ بێبەشم کە لە نیگات

من هەر دەبارێمە ژێر پێت

ئەمە پێناسەی حاڵمە

دڵنیام کە خۆری عشقم لە ناو دڵی تۆدا هەڵدێت

هەر ئەویٚ تاقەماڵمە

خاکی2014

## وتم ئەمشەو.............

دڵی شێتم چاوەڕێ بوو تا شەماڵی عشقت هەڵکا

چاوەڕێ بوو تا ئەسرینی چاوی مەلەکوت بێتە خوار

ببێتە بارانی غوفران و ببارێتە دڵی چۆڵم

چاوەڕێ بوو تا پرژەی نوور ببارێتە کۆشی زەوی

بڕیار وابوو لەم مەراسیمی عشقەدا بۆ چرکەیەکیش نەخەوی

ئەی ڕووخساری ژاکاوی پڕ لە تاوانت بیرنەماوە

ئەی ئەسرینی شەرمەزاری لەنێو چاوتا جێنەماوە

ئەی چاوەڕێی نەرمە بارانی سەر باڵی پەریەکان نەبووی

ئەی پە نجە لەرزۆکە کانت خۆیان بۆ شەوی دوعا نەشۆردبوو

کۆڕی زیکری سەرەمەرگت لەلای دڵت نەگرت بوو

بیرت نایە کە نەت ئەویست ئاوا بێ ناز

بێ تریفە و گزنگی خۆر

بە تەنیا سەر بنێیتەوە

چاوەڕێی شەوی شکۆ بوویت

تا لەگەڵ مەلەکوتەکان کە ( رووح )ی شیان لەناودایە

بچیتەوە بۆ لای دڵت

لە بەردەمیا بێیت بە چۆکا

بیکەیتەوە بە کۆشکی ئارامی و ئەوین

بە ئاوی قەدر بیشۆریت

تاجی سەلامی لەسەر کەیت

هەچی تیایە جگە لە عشقی ئەو دەری کەیت

"خاکی"

## هەناسەی دڵ...............

من هەموو ساڵێک دەبمە مۆمی یادی لەدایک بوونت و ئەتوێمەوە

تک تک ئەکەومە سەر خاک و ئەبمەوە خۆڵ

من هەموو پایزێک ئەبمە گەڵاو شەماڵی عشقت ڕام ئەماڵێت و

هەر ئەڕۆم و هەر ئەڕۆم و نات گرمەوە

من هەموو شەوێک ئەبمە شەونم و هەموو بەیانیەک لەگەڵ خۆرا فەنائەبم

من هەموو ڕۆژێک لەگەڵ ئەشکی چاوەکانم چەستەو رۆحم بەجێدێڵم و

خۆم ئەدەم بەدەم ڕەشەباوە و هەر نات دۆزمەوە

من ئیدی لە هەناسەی سەحەر و پرچی خۆرا سیمات ئەبینم

لە بزەی نێرگز و ئەسرینی وەنەوشەدا بۆنت ئەکە

من ئێستا لە سێبەری تۆدا لە شنەی ئەوینی چاوەکانتا لە ووشە نورینەکانی لێوە

گولینەکانتا لەتۆزی ئالودەبوی ڕێتا لە ئاوی دەست نوێژەکەتا لە خەڵوەتگەی

ئەوینتا بەدوای خۆما ئەگەڕێم

من چی دی بێ هەناسەی تۆ بێ بارانی سۆز و نمەی ئەوینی تۆ چرۆی هیوام

ناپشکوتێ

من ئیتر من نیم و هەر سێبەری سێبەری تۆم

من ئیتر بە هەوای نێو سیەکانی تۆ ئەژیم

دەی لێم گەڕێ با وەک باران بڕژێم بەسەر باڵاتا

باوەک تۆزی سەر ڕێگا بئالێم بە پێیەکانتا

دەی ها دەستم بیکە شانەی پرچی خاوت

هانی دڵم بیکە بەبەردەبازی ڕێت

پەروانەیەو بەدوای شەوقی لیقاتا دێت

خاکی 2014

✼ ✼ ✼ ✼ ✼ ✼ ✼ ✼ ✼ ✼ ✼ ✼ ✼ ✼ ✼ ✼ ✼ ✼ ✼ ✼ ✼ ✼ ✼ ✼ ✼ ✼ ✼ ✼ ✼ ✼ ✼ ✼ ✼ ✼ ✼

## ئەسرینەکان مەڕۆن................

لەگەڵ تێکەڵبوونی فەرحەتیٚ قەتار قەتار لە هەناومەوە بەرەو دورگەی چاوەکانم ڕێدەکەون تك تك دەبارێنە مەزرا ڕیشە زستانییەکەم، هەر کاتێکیش ژانیٚ دەرگای دڵ و ڕۆحم دەخاتە سەر پشت دیسان پەیتا پەیتا کۆچ ئەکەن جێم دێڵن ئێوە ئەی ئاوی دەستنوێژی رووحم ئەی پرژەی قەبڵەزەی دڵە هەڵقرچاوەکەم مەڕۆن، من بەتەمام لە بەنداوی عشقا کۆتان کەمەوە ئێوە هەر خۆتان دەبێت بێن لەگەڵم بن لەویٚ هەر ئێوە هەناوی گڕگرتووم فێنك ئەکەنەوە ، لەویٚ داوای ئاوم لێدەکەن مەڕۆن ئەی پیرۆزیەکانی دەڤەری عشقی هەتایی مەڕۆن ئەی پەیام بەرە ڕاستەقینەکانی ناخم مەڕۆن لەگەڵم بن شاهێدم ئەویٚ مەتۆرێن جار جارەش بە کوڵ کە بانگتان ئەکەم هەڵتان ئەگۆزم تا رووی پیسمتان پیٚ بشۆرم هەر ئێوەم هەن لەم مەحشەرا مەڕۆن .

"خاکی ٢/٢/٢٠١٣"

## عەرفە یان کێوی ڕەخمەت............

سلاّو ئاوێزان بە لێزمە بارانی ڕحمەتی ئەم ڕۆژە بە شکۆیە، هەڵقەلاّوی هەناوی بە کوڵی تاشە بەردەکانی کێوی ڕەحمەت ,تێکەڵ بە ئەشکی بەها داری چاوی حاجییەکان ,ئەمێستا لەم کێوی رحمەتە دا بارانی ڕەحمەت ئەبارێ زوخاوی هەناو ئەشۆرێ و دڵەکان سپی ئەکاتەوە وەك پۆشاکەکانی بەریان دڵ و جەستە ئەکاتەوە بە یەك رەنگ, پەیامی یەك خستنەوی رووح و جەستە، زمان و دڵ پەخش ئەبێت, ئەمە دەڤەری عشقی ڕەهایە لێرە ئەسرین و فەرحەت و ڕەحمەت ئاوێزانی یەك دەبن , مرۆڤ و دار و بەرد ئەچنەوە یەك خوگە،دڵ و بەرد لێرە نەرمە ، چاو پڕ لە فرمێسکی گەرمە،لێرە رووح کەمێك پشو ئەدات ، لێرە پەشیمانی و هیوا پێکەنین و گریان سەرتاپای داپۆشیوە ، لێرە ئێستا رووحی شەکەت ئەچێتەوە ژێر بارانی بەخوری ئیلاهی بەخوساوی چێژی ئاشتبونەوەی لەگەڵ مەعشوقی ئەکات پەی بە ئارامی سەرمەدی ئەبات.

## هەواری قەدر...............

قەدر بەها پیرۆزەکەی مرۆڤ ....

پاش ئەوەی تەپوتۆزی هەنگاوە هەڵەکانمان و ژەنگ و ژاری دڵ ی ماندوومان و پەیوەست بوونی زۆرمان بە دنیا و بیرچوونی ژیانی سەرمەدی لە پیرۆزیەکانمان کەم ئەکاتەوە ..., هەر بۆیە ساڵانە بارانێکی پڕ قەدر و پاککەرەوە دەبارێت و دە شەو نم نم ئاوێزان بە ئەسرین و پڕ پڕ لە عشق دەبارێت , دەبارێتە دڵ و بەهارستانی ئارامی سەوز دەکات رووح تیایدا پشوو دەدات قەدر دەگەڕێتەوە بۆ مرۆڤەکان , دنیایەك پاك پاك سپی سپی خاڵی لە کینە و پڕ لە خۆشەویستی پڕ لە بیری ئەوانی تر و خاڵی لە خود ویستی ، پڕ لە هاوکاری و دوور لە بەرژەوەندی , پڕ لە وەفا پڕ لە جوانی خاڵی لە غل و کینە , دڵێ بەهەشتی دڵێ سەلیمم وپڕ پڕ لە ئەوین ئەمە قەدر و بەهای مرۆڤەکانە.

سا دەی وەرە ئەی جەستەی شەکەت دڵی ماندوو هەناوی لێڵ, وەرە خۆت بەرە بەر ئەم

بارانە با بتخوسێنێ , دڵێ سپی و ڕوویەگەش و دنیایەك ئارامی و دوو چاوی پڕ لە

ئەسرین و دوو دەستی والا وەرە تا دەبیتە پیرۆزەیەك کە هەردەم لە ژێر بارانی قەدرا

هەنگاو ئەنێ ی, وەرە شنەی ئەم دەڤەرە هەموانی خۆش ئەوێت لێرە ڕق پەنایەکی نیە

شەویش هەواری قەدر ویستانە .

"خاکی ٢٠١٢ "

********************************

## پایزی تەمەن...................

جەستە بوە ئاو دڵ چۆڵ و خاڵی

سەر بووە بەفەر هەر بەمنداڵی

پشت بوە گوچان چاو بێ ڕۆشنایی

بێ هاورێ و مەلول هەر بە تەنهایی

چەرخەکەی فەلەک خەریکی خولە

چ باکی لەمن کەدڵم پڕە

شەو لەگەڵ سەحەر ڕاز وناز ئەکەم

دڵی وێرانەم دەرگەباز ئەکەم

ئەمەوێت رابێم لەگەڵ شەوەزەنگ

بۆگۆری خامۆش بەبێ دەنگە دەنگ

تریفەی ڕوی تۆ ڕوحم تەی دەکا

**خەرمانی خەمم شەن و کەو ئەکا**

**دەبا بای ئەجەل بدا لەباڵم**

**با بیرۆخێنێ هەرزاڵ و ماڵم**

**نمەی ئەوینت ببارێتە دڵ**

**چ باکم هەیە لە چوونە ژێر گڵ**

**خاکی** 2020

******************************************

## هەناسەی عشقی بەهەشتی............

لەم مانگە ڕەحمەت ئامێزە مەزرای دڵە شلەقاوەکانمان بە نەرمە نمەی پەرستش و پرژەی فەرحەت و پەخشی کتێبی پیرۆزی نور ئەخوسێنین , بۆنی ژیانی مەلەکوت و چێژی بەرائەت دەکەین , رووحمان شنەی بالاٚ دەکات و سفرەی ئیفتاریشمان بەهەشتێکی بچووکی خێزانی دەنەخشێنێ , ئاوەدان کردنەوەی شەوە چۆڵەکان و تێك شکانی تاریکیەکان سەرەتای سپێدەی رووحمانە , ئیدی سەحەری عشق و نزای خەڵوەت و ئەشکی چاوەکانمان بەهارستانی ژینمانە , ئەم کۆڕی عشقە هەوێنی خۆشەویستیمانە بۆ هەمووان و هیجرەتی کینەیە لە دڵمانا , لێرە خولی سپی کردنەوەی دڵ و ئاشنا بوونە بە جوانیەکان لێرە کانیاوی خۆشەویستی هەڵ ئەقوڵێ و هەمووان ئەگرێتەوە .

"خاکی ١١ ڕەمەزانی ٢٠١٢"

## هەناسەی تۆ........................

من وەك گەڵای پایز

هێواش هێواش هەناسەی تۆ ڕام ئەماڵێ

من وەك كەنار هێواش هێواش

شە پۆلی عشقت هەر جارەو تۆزێك لەجەستەم ئەدا بەدەم خۆیەوە

من وەك ماسیەكی سڕبوو

لەدەریای ئەوینتا گووم بووم

وەك باڵندەیەكی تاراو

ئاڵاومەتە تاڵە نەرمەكانی پرچت و ئەمەوێت بیكەمە هێلانە

من وەك پەلكە زێڕینەی

دوای بارانی ئەوینی تۆ كوژامەوە

**ئێستا هەموو ڕۆژێ ئەسرینی چاوەکانم**

**ئەدەمە بەر تریفەی  ووشەکانت**

**تا جارێکی تر ڕەنگاڵەی عشقت ببینم**

**خاکی** ٢٠١٧

*************************

## مانگی من ئاوانابێ.............

هەموو هەڵدێن و هێدی هێدی ئاوا دەبن

بەڵام مانگی من هەرگیس ئاوانابێ

هەموو ئاسمانێك مانگێكی ئەوێت

هەموو مانگێكیش خۆرێكی هەیە شعلەی لێوەردەگرێت

لەئاسمانی مەحەبەتی تۆدا كێ دەدرەوشێتەوە؟

كێ هەمیشە لە خەیاڵتە؟

كێ بوەتە پێشەنگی هەموو جوانیەكان زۆر خۆشت ئەوێت زۆر؟ ،كەبیری دەكەیت ئەسرینی شیرین گۆنات تەی دەكات،كە باسی دەكەن شنەی شەماڵی هەناوت فێنك ئەكاتەوە كە ووشەكانی گوێبیست ئەبیت سەر نەوی دەكەیت و شەرمەزاری سیمات دادەپۆشێت كە بارانی ئەوینی دەبارێتە باوەشتەوە هەست دەكەیت ئاسمانی خۆشەویستیە هەر بە نیگای چاوێكی سەكونەتت پێدەگات هەر بەشەماڵی هەناسەیەكی خونچەی گوڵستانی دڵت ئە پشكوتێ هەر بە دیدەنی تریفەی بۆ هەمیشە چاوەكانت گەش دەكات ئەومانگی بێ كۆتایی تۆیە.

## من لەچەشنی مانگم.............

سەیری مانگم دەکرد زۆر چێژم لێ دەبینی لەسەیرکردنی تێر نەئەبووم, دوایی تێگەیشتم ئێمە لە جنسی خۆرنین هەرچەندە خۆر سەرچاوەی ژیان و جوانیەکانە وەلێ لەمانگدا جوانی خۆر زیاتر دەبینین مانگ ئاوێنەی شەوق دانەوەی خۆرە من نەم ئەزانی بۆ هێندە عاشقی محبوبم هەمیشە مانگی شەوی منە بەشەوقی منەوەری ئاشنای خۆرمان ئەکات ئاخر لە دیداری خۆرا هەموان بێڕەنگ و هاوچوونین وەلێ لە دیداری مانگدا تاریك و ڕەش و ئەستێرە و تریفە و بەیان و شەونم و سەحەر و هەناسەی بەیان و چەندین جوانی تر وەدیار دەکەون.

خاکی ٢٠١٩

*******************************

## سەحەری عشق.......

ئەم خۆری دڵە ئەم بەهاری ڕووحە ئەم بەدری شەوە ئەم چرای سیراجی منیرە تادێت شەوق ئەداتەوە ، ئەوە عاشقەکانن صەفوەتی عشقیان لێڵ دەبێت و پەڕەی هەڵپڕوزاوی باڵیان ئە پرویٚ و هەرزاڵی پەرستشیان ئەشێوێت و هاواری رووحیان بەرزدەبێتەوە بەرەو کەش کەشانەکانی ئاسمان بیٚ ئەوەی هەواری و هێلانەی کەس بشێوێنن بیٚ ئەوەی نەشئەی ئەوینی کەس بتۆرێنن.

لێرە ڕوحمان شنەی باڵا دەکات و سفرەی ئیفتاریشمان بەهەشتێکی بچوکی خێزانی دەنەخشێنیٚ ، ئاوەدان کردنەوەی شەوە چۆڵەکان وتێك شکانی تاریکیەکان سەرەتای سپێدەی روحمانە،ئیدی سەحەری عشق و نزای خەڵوەت و ئەشکی چاوەکا نمان بەهارستانی ژینمانە، ئەم کۆڕی عاشقانە ئەم مەنزڵی روحە هەوێنی خۆشەویستی مانە و هیجرەتی کینەیە لە دڵمانا، ئەمەخولی سپی کردنەوەی دڵ و ئاشنابونە بەجوانیەکانی رووح پەی بردنە بە کەناری ئارامی، لێرە کانیاوی خۆشەویستی هەڵ ئەقوڵیٚ و هەموان ئەگرێتەوە و هەواری عشق و نەسیمی بەرائەت ئەخولقێنیٚ و دەبێتە مەنزڵی رووح.

خاکی ١١ ڕەمەزان ٢٠١٢

## خۆشەویستی وەک بارانە بزانە کێ هەراشە بەهەوری مەحەبەت.........

ئەو مرۆڤە گەورانە بدۆزەرەوە کە خۆشەویستیان کانیاوێکە و ئەرژێ بەسەر داروبەردا ئەبارێ بەسەر دۆست و دوژمندا ئەوان گوڵیان خۆش دەوێت چونکە باوەشی بۆ پەروانە واڵایە, خاکیان خۆش دەوێت چونکە ڕەگی درختەکان لە دڵیانا گەورە دەکەن , ئاسمانیان خۆش دەوێت چونکە باڵندەکان سەمای تیا دەکەن, ئەوان دەریایان خۆشدەوێت چونکە جەستەی کردۆتە ئارامگەی ماسی, منداڵیان خۆشدەوێت چونکە هێلانەی بەرائەتن , ئەمانە هەمووشتێکیان خۆشدەوێت ئەگەر کەسێکت لەم جۆرە بەدی کرد خۆت ئەزانیت خۆشی ئەویت چونکە ئەمانە ئاسمانی بیر و ئەندێشەیان تەنها هەوری عشقی هەڵگرتووە هەر بارانی خۆشەویستی ئەبارێنێت و خاڵین لە ڕق , وە کینە جێگەیەکی نیە لە سینەیانا، ئەگەر تۆی زۆر خۆشویست ئەوا خوڕەمی بارانی عشقی زیاد دەکات و پەیوەست بوونێکی زۆرت بۆ دروست دەبێت و لە نزیکیان چێژ و ئارامی و لە دووریان حەسرەت و بێ ئۆقرە دەبیت. خاکی ٢٠١٩

## شەماڵ ئامان..................

**شەماڵ ئامان**

**ئەم شەو گەڵای وەریوی ئەم پایزە ڕانەماڵی**

**پەڕەی وەریوی دڵی منی تیایە**

**دەریا ئامان**

**بە شە پۆلەکانت بڵێ ئازاری کەنار نەدات**

**جێ ژوان و ئەوینی منی تیایە**

**ئەی مانگ ئامان**

**ئەم شەو تریفەت زیاتر بباریێنە**

**شەقام جەستەی هەناسەیەکی خەوتووی منی تیایە**

**پاساریەکان ئامان**

**ئەم بەیانیە با جریوەجریوتان نەیەت**

**باڵای نیشتمان هەمووی بوە بە هێلانەی هەڵۆکەی ئێمە**

**کانی ئامان**

**با ئەم پایزە خورەی ئاوتان نەیەت**

**چیا ئەم شەو هەرخۆی بەتەنها لەشەقامەکانی کەرکوکا ڕاکشاوە جێی  ناهێڵێت**

**ئەم پایزە  شەهید بە شەونمی گوڵ دەست نوێژ ئەگرێت و**

**نیشتمان بەئەسرین مردوو ئەشوات و**

**خاك بەتەنها خۆی لە شکۆ کفنی بۆ ئەبڕێت و**

**ئێمەش دڵمان بوەتە  گۆڕ و ئارامگەی تۆ**.

**خاکی** ٢٦/ئۆکتۆبەر/٢٠١٧ *

---

*ئەم هۆنراوەیە بۆ ئەزیز و خۆشەویستمان کاك ڕێبواری حاجی علی نوسراوە خوای گورە بیخاتەژێر سۆز و میهرەبانی خۆیەوە

## ڕۆژی عشق*

چ ڕۆژێکە ئەمڕۆ ؟

خۆر وەستاوە و سەیر ئەکات و

مانگ ئاسمان جێناهێڵێت و

ئەستێرەش دابەزیوەتە نێو دڵی ئەم سپی پۆشانەوە

ئەمە عشقی پەروانەیە ئاڵاوتە شەوقی ئەوینت

ئەمە هەناسەی خوساوی ئەسریناوی پیرێکی ڕیش چەرمووە بەدەم ژانی جەستەوە بزە لێوی جێناهێڵێت

ئەمە گەیشتنە بە بەردەرگای تۆ

چۆك دادانە لەبەردەم پەنجەرەی میهرتا

چێژ وەرگرتنە لەنزیکبوونەوەت و ئاوێزان بوونە بەشەوق و نورت،

دۆزینەوەی خودە لەبەحری ئەوینتا

گەڕانەوەیە بۆ خولگەی ئافرینراوەکان و

تەریب بوونەویە بە سروشت و جوانی،

لوتکەی عاشق بوونە،

توانەوەیە، پاك بوونەوەیە خوسانە پەشیمانیە بەجێهێشتنی جەستەیە باڵابوون و

هەڵکشانی ڕووحە

ڕۆحانی بوونە بەجێهێشتنی زەمەنە کوێر بوونی چاو و لاڵ بونی زمانە

دڵ ئەبینیٚ و و حاڵ گوزارشت ئەکات.

لەم فەنابوون و ئاوێتە بوونەدا دواجار لەدایك بوونێکی نویٚ و

ژیانەوەی جوانی و لێدانەوەی چرۆی ئەوین،

تر پەی تازەی دڵێکی سپیکراوە، نیگای چاوێکی تێر بە شەوقی محبوب

جەستەیەکی شۆراوە بە ئەسرین ،

عاشقێکی تاساو دێتەوە بۆ ماڵ

بۆنی بارانی لێدێت ، ڕەنگی خۆری گرتووە ، دڵی منداڵی بۆ گەڕاوەتەوە هەمووشتێکی خۆش ئەوێت و ڕق ناناسێتەوە

هەموشتێك لای ئەو جوانە

لەجریوەی پاساریەکان تێدەگات

بە حاڵی پەروانە ئەزانێ،بە زمانی گوڵ ئەدوێ، سوك پێ بە خۆڵا ئەنێت ئەبیتە هاوەڵی خاك,

وەك کانی بەدەم بارانەوە شنەی نەرم بە گیا دەکات،

چەند جوانە ئەم مەخلوقە کوان تابلۆ کێشەکان بائەم تابلۆ پێش ئەوەی بشێوێ وێنەیەکی بکێشن ناوی بنێن حاجی.

٢٠١٨/٨/٢٠

---

*مەبەست لە رۆی عەرەفەی پیرۆزە

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

## شینی نێرگز..........................(بۆ هەڵەبجە)

ئەم بەهارە تك تك ئەسرین لە چاوە زەردەکانی نێرگز ئەچۆڕێ

ئەم بەهارە هەور داویەتیە پڕمەی گریان و پەروانەش سەمای مەرگ ئەکا

ئەم بەهارە شەماڵ باوەشێنی ڕوی تۆزاوی منداڵە خەوتوەکانی سەر شەقامەکانی هەڵەبجە دەکات

ئەم بەهارە ڕووبار دامێنی چیای گرتووە و ئاو پرژێنی ڕوی ژاکاوی گوڵە وەریوەکانی ئەم نیشتمانە ئەکا

ئەم بەهارە سەدای هاوار و قیژە و زریکەی منداڵ و ڕۆ ڕۆی دایك دڵی بەرد و هەناوی خاکیان جۆشداوە

ئەم بەهارە بۆنی کۆچ دنیای تەنیوە

کۆچی باران و کۆچی پاساری و کۆچی مەڕ و کۆچی شوان و کۆچی گوڵ و کۆچی خاك و کۆچی کانی و کۆچی هەور و کۆچی ئەستێرە و کۆچی عشق

ئەم بەهارە هەنسکی منداڵانی کردۆتە ملوانکە و بۆنی مەرگی کردۆتە مێخەکی ملی دایکانەوە

ئەم بەهارە شەماڵی ژەهراوی کردوە و هەناسەی سێوی دزیوە و بزەی لێوە ووشکەکانی منداڵانی کردۆتە سەمفۆنیای مەرگ

ئەم بەهارە شەقام بوە بە گۆڕستان و شەهید بوە بە کفن و خاك بوە بە جەستە

ئەم بەهارە مانگەشە و پێشنوێژی بۆ ئەستێرە دەکات و نوێژی مردو دەخوێنن

ئەم بەهارە خەو سیمای شاری گرتووە و هەچ بنەدیوارێك ئەچی پۆلێ منداڵی تیایدا خەووتوە

خەوێ بێ سەرین و خەوێ بێ پرخە و خەوێ قورس و خەوێکی بێ سپێدە

ئەم بەهارە شەقامەکان هەناسەی هیوا و گریانی چرۆ و چیرۆکی ژیان و مەرگی گوڵاڵە و حەسرەتی دایە حەبێ و نوزەی مامە حیدەر و هەنسکی گۆچانەکەی پیر محەمەد مان بۆ ئەگێڕنەوە

وەرن گوێ ڕادێرن بزانن لەباوەشی شنروێ و باڵامبۆ و خورماتوو دا ئەم بەهارە چی هەڵگرتووە

وەرن بزانن چۆن گمەی کۆترەکانی سەر منارەی مزگەوتی جامییعە و دار الاحسان ئاوێزانی هەنسك و نزای سەحەرن

وەرن بپرسن لە هەوری برسقاوی سەر ئەم شارەدا

بزانن چۆن هەور لە شازدەی سێدا ( ١٦/٣ ) بەکۆمەڵ بارانی لەبار ئەچێ

بپرسن لەئەستێرە چۆن ( ١٦/٣ ) بەلای تەرمی پیرۆزی ناو شەقامەکانەوە ئێشکیان گرتوە و شعلەیان لە ڕۆحی شەهیدان وەرگرتوە

وەرن بزانن لە پریاسکەی بەهارە مەرگی ئەم نیشمانەدا چ عاشقێك خۆی قوربانی

هەڵەبجە کردوە چ شا مەردێك هەناسەی خۆی داوەتە منداڵێکی تاساو

ئەسرینی چاوی تکاندۆتە سەر لێوێکی ووشکی ژەهراویکراو

وەرن ببینن ئەم کەلاوانە ئەم بیبیلەی چاوانە ئەم عشقە مۆمیا کراوانە

ئەم فەرهەنگی شکۆ و مێژووی خەبات و هێمای مرۆڤایەتی و لوتکەی مەزلۆمیتە

چۆن لەژێر خاکی پیرۆزا گوڕی داوەتە گوڵ و هێزی داوەتە چیا و

نامرێ و نامرێ وهەناسە ئەدا.....

دەی قوربانی زریکەی منداڵانتان بم

قوربانی مەرگی پاساری و کۆچی باڵندەکانتان بم

قوربانی پرچی سپی و ڕیشی چەرمووی پیرە بێنازەکانتان بم

قوربانی گۆچان و چاویلکەی ناتواناکانتان بم

قوربانی بۆنی خاك و هەناسەی ژەهراوی کراوتان بم

قوربانی تنۆکێ ئاوی کانی عاشقان و دەنکێ ترێی عەنەبتان بم

هەڵبجە 2015

*************************************

## بۆ هەڵەبجە

رۆحتان خەرمانەی داوە بەم شارە

جەستە لەجێی گوڵ ئای لەم بەهارە

لەجیاتی باران ئەسرین ئەباری

لەناو دڵماندا سەروەری شاری

*************************************

## دڵی شێتم.............

دڵم حەزدەکا بوەستێ لەم ترپەو بەزمە شێتانە

بەخیاڵی لیقای نورت گوڕدەداتە خۆی

لەم جەستە پڕ زام و وێرانە

دەسا لوتفکە ئەزیزم ساتێک بباریّ ناو ئەم سینە پیسەی من

بزانە باخی ئەوینم چەند سیسە بێ تۆ خامۆشە وەک گۆرستانە

خاکی

## ئەی زەمەن..................

ئەی زەمەن ئەی کات ئەگەر عشقی مەحبوب نەبوایە لێنەدەگەڕام ئاوا بەدەم خۆتەوە

پیتاڵ پیتاڵم بکەیت تۆ هاتیت و هەموو شتت گۆڕی عشقی من نەبێت

نەتوانی ڕەنگی عشقی من کاڵ کەیتەوە

نەت توانی سروەی هەناسەی ئەوینم بشێوێنی

نەت توانی شوێنەواری ئەسرینی چاوەکانم بسریتەوە

نەت توانی گوڵی نێو دڵی لاوازم سیس بکەیت

نەتتوانی بۆنی ئەرخوانی شەماڵی یارم بیربەیتەوە

دەی وەرە و برۆ چی دەکەی بیکە کێ دەبەی بیبە من تازە بومەتە خاکی ژێر پێی ئەو نازدارە هەرکات دێت و پێیەك بەدڵما ئەنێت زەمەن ئەبێتەوە بە سفر سەرلەنوێ چرۆ لێئەدەمەوە، دەی زەمەن خوات لەگەڵ برۆ ئەوانەی بێ ئەوین و شعلەی مەحەبەت ئەژین بیان هاڕە وەك پیشەی لەمەوبەرت .

خاکی۲۰۱۸

## تۆ بباریٚ.................

تۆ سەوزبە با بەهارت بۆ من نەبیٚ

تۆ بباریٚ با گەرووی منیش تەڕ نەکەی

تۆ کۆچ مەکە مەڕۆ با لەنزیکی منیش نەبی

تۆ سیٚبەرت بکە بە هیٚلانەی چۆلەکەکان با خۆر جەستەی من بسوتیٚنیٚ

من تەنها گویٚم لە  نمەی بارینت بیٚت بەسە

لەکویٚ ئەباری بباریٚ

من تەنها خشەی  پیٚت ببیسم بەسە

بۆ کویٚ ئەڕۆی بڕۆ

من هەر بۆنی ئەو هەوایەم بەسە کەتۆ بەناویا

گوزەر ئەکەی

من تەنها تریفەی عاشقیٚکی تۆم بەسە

بۆ کوێ ئەڕۆی بڕۆ

دڵم پڕە لە بۆنی تۆ

دڵم پڕە لەناوی تۆ

دڵم پڕە لە عشقی تۆ

خاکی ٢٠١٦

❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋

## ترپەی دڵ....

**هەمیشە دەنگت دێتەلام هەست بەترپەی دڵت دەکەم**

**هێندە نزیکی لە رۆحم هەست بەتینی جەستەت ئەکەم**

**گومان ئەبەم بەدڵی خۆم لەگەڵ دڵی تۆ گۆڕابێ**

**یان هاتبێتە سینەی تۆ لەم بێوەفایە تۆرابێت.**

*********************************

## بۆ شەماڵ و نەسیمی دڵ.........

تۆ گوڵستانی ژێر بەفری



تۆ شەماڵی دوای سوتانی

تۆ بزەی نەرمی پیرۆزی دوای گریان

تۆ پەلکەزێرینەی عشقی دوای بارانی

تۆ هەناسەی ژیانەوەی

تۆ هێزی دوای چەمانەوەی

---

*ئەم پارچە هۆنراوەیە بۆ مامۆسای ئازیز حاجی شەماڵ نوسراوە هەزاران رەحمەتی لێبێت لە

2016

## تۆ بۆنی خاکت لێدێت..................

بەڵی ئەو هێندە دڵی گەورەبوو هەمووانی کەمەند کێش کردبوو ئەو هەمیشە ڕاستگۆیانە مامەڵە ئەکات بۆیە هەردەم وەک ئافرینراوەکانی تر پاک و بیگەرد بوو عشقی هەبوو بۆ هەمووشتێک ئەو عاشقی جوانیەکان بوو بۆیە هەچی جوانیە لەناخیا شەوقی ئەدایەوە ئاخر ڕۆژێ نەبوو بزەی سەر لێوە جوانەکانی باربکا ئەو هەمیشە پێدەکەنی بەڕووی منداڵ و گەورەو گوڵ و داروبەردا، ئەو ئەستێرەکانی خۆش ئەویست تنۆکەبارانەکانی ئەگرتە ئامێز تەنانەت شەویشی خۆش ئەویست ئەوکاتانی مرۆڤەکان شەویان جێ دەهێڵا ئەو ئەچوو لەباوەشی شەوا خەلوەتێکی ئەویندارانەی دروست ئای تۆ پەیت بەدەریای خۆشەویستی بردبوو هەناسەت شەماڵی دڵ و ئەسرینت شەونمی گوڵ بوو سێبەری باڵات هێلانەو مەنزڵی باڵندە تەراکان بوو بۆنی جەستەت بۆنی خاک بوو هەموو زیندەوەرێک حەزی بە بۆنت ئەکرد زیاتر ئەوکاتانەی بەنمەی ئەسرینە وەنوشەییەکانت ئاوڕشێنت ئەکرد و بۆنی خاکی پیرۆزت نیشتمانی پڕئەکرد.

خاکی 2021

## نەسیمی دڵ..........

لێم زوویری بە گوڵستانی تۆدا خراپ هەنگاوم ناوە

هۆشمم ئەڵێ خەمت نەبێ خاکی

بەجێی ناهێڵێ ئەو نازدارە خاکێك کە ڕۆژێك پێی نەرم و پاکی پیاناوە

دڵنیام کە چۆڵی ناکەی ئەم دڵە تارە شێواوە

سەرلەهەر قوشبنێکی ئەدەم هەر شوێن پێی تۆی تیا بەجێماوە

لەنێو ئەلبوومی خەیاڵما هەر پەڕەیەك هەڵبەمەوە

شاگوڵێك بۆتە مانگ و وێنەکانی تر لە تریفەی ئاڵاوە

لەگوڵستانی بەهارا بۆنی هەر گوڵزارێك ئەکەم

بەبۆنی نەسیمی باڵای تۆ تێکەڵاوە

تۆ بارانی ئەوینت ببارێنە

گەر ڕێگەم نەدەیت بێمەژێر لێزمەبارانت

بۆنی خاك و خۆڵی خوساوتم بەسە

تۆ سەوزبە لەهەرکوێ ئەڕوێی بڕوێ گەر نەتوانم بێمە نێو باخی ئەوینت

هەر دیدەنی قەد و باڵاتم بەسە

تۆ بزەی لێوەکانت تێکەڵی هەناسەی سەحەرکە

گەر گوێم لە پێکەنینت نەبێت

هەر شەماڵی هەناسەتم بەسە

تۆ ئەی چرۆی هیوا تریفەت ببارێنە

من لەم شەوەزەنگەدا چاوەڕێی تروسکای تۆم

گەر دڵی منیش نەکەیتە نیشتمان بۆخۆت

من هەر شەوقی نگایەکی تۆم بەسە

شەونمت بتکێنە سەر لێوی گوڵ

گەر منیش شایستەی شەونمت نەبم

پرژەیەکت بگاتە ئەم مەزرای دڕك و ئازارەم بەسە

خاکی٢٠١٧

****************************************

## شەماڵ وەرە..........................

شەماڵ وەرە بۆنی هەناسەی ئەم بەیانییەی سلێمانی بدە لەخۆت

شەماڵ وەرە گزنگی خۆری ئەم بەیانیە شینە بئاڵێنە گەردنت

شەماڵ وەرە

گەر ئەتەوێ شوان بتکاتە شمشاڵەوە

گەر ئەتەوێ باوەشێنی دڵی عاشقەکان بکەیت

گەر ئەتەوێ شەو نمی سەرگۆنای دایك ووشك بکەیتەوە

وەرە بە قوڵپێك گریانی سلێمانی خۆت بشۆرە

وەرە کزەیەکی دڵی چیا و مشتێك ڕوناکی چرا بکەرە مەشغەڵی خۆت*

---

*بۆ ئەو رۆژەی سلیمانی ئەگریا

## سەمای دڕك........................

من سەمای تارمایی و بزەی مەرگ ئەبینم

من هەناسەی ڕق و شنەی ئازار ئەبینم

من باڵی هەڵپڕوزاوی پەروانە و مەرگی چرۆ ئەبینم

من سەدای هاوار و ڕۆڕۆی ڕوبار و دەریا ئە بینم

من تکەی ئەسرینی ئەستێرە و شەرم و حەسرەتی مانگ ئەبینم

من کۆچی پاساری و فیراقی دڵ ئەبینم

من لەم نیشتمانەدا پۆل پۆل تەرمی ئەوین و جەستەی مۆمیاکراوی عشق ئەبینم

من لەشەقامەکاندا هەر سێبەر و پەیکەری گڵێن ئەبینم*

من چرپەی مردووەکان و گریانی شێت ئەبینم

من ئەبینم گوڵ چرۆی لەبار ئەچێ و دڕك دوگیان ئەبێت

من ڕووی ڕەش بووی مانگ و زوخاوی خۆر ئەبینم

من پەلکی سپی دایکی شەهید و جەرگی قرچاوی باوك ئەبینم

من گریانی نێرگز و قاقای داروجان ئەبینم*

من بزەی پێکەنیی خۆم لەناو گڕ و سوتماکی جەستما ئەبینم

من لە ئاسمان کۆچی باران و پەلکە زێڕینە ئەبینم

لەم خەمگەیەش بەکۆمەڵ کۆچی جوانی ئەبینم

خاکی ٢٠١٧

---

***داڕوجان**= گیایەکی نەویستراوە تێکەڵ بە گەنم دەبێت لە پاکی جوانی گەنمەکە کەم دەکاتەوە

## هاواری تۆ.............



من ئەبینم بەرد و دار و ڕوبار بەقریشکەی تۆ تاساون

مەل و هەور و ئەستێرە و مانگ لە بەردەمتا ڕاوەستاون

من ئەزانم ئەم هاوارە چەندە قوڵە

ئەم زامە چەنە بەسۆیە

تارمایی ئەنفال و سەدای هەڵەبجەیە کی نوێی پێیە

من ئەزانم ئەم هاوارە ئەبێتە تۆفان و زریان

کۆشکی ستەم ڕائەماڵێ

بەرگی ئاشتی لەجەستەی شەڕ دائەماڵێ

دڵی ڕەش ئەخاتە سارا

وەک و باران جارێکی تر رۆح ئەکا بەبەری شارا

ئەزیزەکەم خەفەت نەخۆی نەڵێێ من بێ نیشتمانم

**هەچی دڵی سپی هەیە بوە بەنیشتمان بۆ تۆ**

**ئەزیزەکەم من ئەبینم مەلەکوتی ئاسمانەکان**

**لە دەرگای عەرشی خودا دا ڕاوەستاون**

**ئەڵێن یارب** (بِأَيِّ ذَنبٍ قُتِلَتْ)

**خودای گەورەش فەرمووی**(وَلَا تَحْسَبَنَّ اللَّهَ غَافِلًا عَمَّا يَعْمَلُ الظَّالِمُونَ)

**خاکی** ٢٠١٩ **ئۆکتۆبر**

## بەهاری دڵان....

وەرە ئەی نەسیمی ڕووحم وەرە

وەرە ئەی شەونمی دڵم وەرە

شنەی هەناسەیەکی شەماڵی تۆ

بەهارستانی رۆحمی منە  وەرە

بزەی نە پشکوتاوی خونچەی لێوە گوڵینەکانی تۆ

گوڵستانی دڵی منە  وەرە

نمەی ووشە نەرمەکانت لێزمە بارانی عشقی منە وەرە

وەرە تۆ ئەی هەوارگەی عشق و هەوری ئەوین وەرە

وەرە ببارێ ئەم دەڤەرە قڵیشاوە وەرە

وەرە چاوەڕێی تنۆکێ ئەوینی تۆین وەرە

وەرە ئەزیزم وەرە بۆنت بپرژێنە ئەم خەمگەیە

وەرە لە ناو بۆنی مەرگ و بۆنی گریانا تاساوین دەی وەرە

وەرە تریفەت بڕێژە بەسەر ئەم دەوارە ڕەشەدا

تاریکی بەهەناوماندا شۆڕ بوەتەوە دەی وەرە

**وەرە شەبەنگی نیگات بۆ ساتێك بگێڕە بۆ لای ئەم بەهارە شێواوە وەرە**

**وەرە شەماڵ زویرە و ئاشتی نابێتەوە وەرە**

**وەرە گوڵ مانی گرتووە و بولبول بەلای دڕكەوە چۆكی داداوە و گۆرانی بیرچوەتەوە و داوای هەناسەیەكی تۆ دەكات دەی وەرە**

**منیش ئیدی شێتانە دێمە گۆ و شێتانە هەنگاو ئەنێم و شێتانە ئەڕوانم و شێتانە ئەگریم**

**من بە ژیری خۆم نەم توانی بگەمە سێبەریی تۆ**

**بیستومە میهرەبانی تۆ ئەبارێ بەسەر هەموو شێتێکا**

**تو خوا ساتێك بۆلای ئەم شێتە وەرە**

**خاكی** ٢٠١٤

*********************************************

## خونچەی نور ...................

تۆ شەماڵی لەباهاری ئەوینەوە هەڵتکرد و چرۆی هیوا ئەکەیتەوە

تۆ نیشتمانی جوانیت و تۆوی ئەوین لە باوەشتا ئەڕوێتەوە

تۆ دەریایەکی لە سۆز و بە نەرمە شە پۆلەکانت هەناو و دڵ ئەشۆیتەوە

تۆ گوڵستانی ژێر بەفری

تۆ شەماڵی دوای سوتانی

تۆ بزەی نەرمی پیرۆزی دوای گریانی

تۆ هەناسەی ژیانەوەی

تۆ هێزی دوای چەمانەوەی

خاکی ٢٠١٦*

---

*ئەمە سۆزێکە بۆ مامۆستاو خۆشەویستمان حاجی شەماڵ نوسراوە

## پەریە سپیەکان..................

ئای لانەکانی ناو دەریا و ژێرماڵە ڕوخاوەکان

ڕۆژ نیە پرژەی تفتانم بەرنەکەوێ

قەت ناییسرِم بەڕومەوە

هەتا بۆنی ئێوە لێبێ

تفم لێکەن پێنوسەکەم درۆ دەکات

تفم لێکەن دەست و پە نجەم درۆ دەکات

تفم لێکەن ئەسرینی چاوەکانم درۆ دەکەن

تفم لێکەن گوێیەکانم درۆ دەکەن

من گوێم لێبوو پڕ بە دنیا پڕ بە ئاسمان هاوارتان کرد

هەموو بیستیان مرۆڤ نەبێت

من دەمزانی دایە دایە تان دڵی دەریای هەژاندوە

جەستەی ماسی تەزاندبوو

من ئەزانم پێشی مردن تان تفتان لە مرۆڤی ئەم سەردەمە دەکرد

## ڕایەڵەی خەم................

ڕایەڵەی خەمەکانم شۆڕ ئەبێتەوە بەقوڵای ناخمدا و

بەهەر لایەکدا ئەڕۆم هەر شەوە شەوی بێ مانگ و شەوی بێ ئەستێرە

لای هەر کەسێک ووچان ئەدەم هەر غەریبم

لەهەرکوێ دەوار هەڵ ئەدەم هەر سەفەریم و ئۆقرە ناگرم

کە سەیری باڵندەکان ئە کەم لە جریوە یاندا حەسرەت و لە هێلانەکەشیاندا

نائومێدی بەدی ئەکەم

لە زکری کۆترەکانیشدا گریانێکی بەکوڵ ڕام ئەچڵەکێنێ

ئەستێرەکان ئەسرینیان تیا قەتیس بووە بێ تروکان سەیر دەکەن

تریفەی مانگیش شەرم ئەکات ببارێتە ئەم مرۆڤ نشینە

ئەوەتا شەویش بەدزییەوە ئەسرینی ئەبارێنێتە سەر پەڕە ژاکاوەکانی گوڵ و

گەڵا شەکەتەکان و گیا بۆژوە کان

نمەی بارانە پیرۆزەکانیش

بەناچاری ئەتکێنە باوەشی نیشتمان و

ئەوانیش بەدەم هەنسکەوە دەچنە هەناوی سوتاوی گوڵ و دڵی دڕکەوە

ئەبینم شەماڵ ملوانکەی بەهاری پچڕاندۆتەوە و دەنکەکانی بەدەم ڕەشەباوەیە

ئەوتا خوێنی گوڵ سپی سپی ئەتکێتە سەر  خونچە نەپشکوتاوەکان

و ڕەنگاڵەی عشق ئەشۆنەوە

پەروانەش چیتر بەدوای گوڵی شەمعەدا ناگەڕێت و

باڵەکانی بەئەسرینی نور خوساوون توانای جوڵەیان نیە

ئەرێ نابینن کانی بوە تە زامی چیاو زوخاوی لێدێتەدەر

ئەوش خاکە کەوتۆتە حاڵی خۆی و بێ باکانە داوییەتیە  پرمەی گریان و جارە

جارەیەکیش خۆی ڕائەوەشێنێ و تۆزی گوناهە کانی ئەتەکێنێ ※

دەی سەیری دەریا کەن چۆن شێت بووە و بەزەیی بە ماسیا نایەتەوە

ئەها ڕوباریش هەر ڕادەکات کەس نازانێ بۆ کوێ سەری خۆی هەڵ ئەگرێ

هەوریش ئەقریشکێنێ و هاوار ئەکا

پەلکە زێرینەش ڕەش داگیرساوە

منیش لەم سەدا ی غوربەت و نامۆ بونەدا

تیلەی چاوم بڕیوەتە شوێن پێکانت

منیش ئەبینم ماسی تینویەتی و

گڕ ئەسرین ئەڕێژێ و

چیاش مێزەری فڕێداوە و

پایزیش گۆرانی بەهارانە ئەچڕی

من ئیتر بەرگەی گریانی گوڵ و کۆچی خاک و سەمای دڕک ناگرم

بە پرتاو بەم پەنجە کۆلۆژانەوە بەم بەرگە سەختیانەوە دێم و ***

تۆم کردۆتە ڕووگەی دڵم و چاوم بریوەتە ڕێگات و چاو ناتروکێنم تا کوێرئەبم.

خاکی 25-11-2013

## هۆ گیانەکەم..................

من لەنیگای چاوەکانت تێگەیشتم

ئەتووت تۆ سەیری ئەم دڵ ڕەشانەکەن

چۆن چیرۆکی اسماعل  یان لێبوەتە راست

گوێ بە هاواری مەلەکوت نادەن

ئەتووت ئەگەر ئاسمان بەرانێکیش بنێرێ بۆ رزگار بوونی من

من لەم دڵ نەخۆشانە رزگار نابم ئاخر خۆ ئەمانە هیچ لە ابراهیم ناچن

ئەتووت ئەرۆم لای اسماعل ئەم چیرۆکە ئەگێڕمەوە سەرم ئەخەمە باوەشی

ئەڵێم لەپێناوی شکۆمەندی مرۆڤەکاندا سەریانبڕیم

خاکی2-2015

## بەڕواڵەت کەرامەت و شکۆمەندی ناپێوریێت ........................

بەکورتی زاناو شەرع ناسی گەورەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام امامی مالیک بەسەردانێک دەچێتە بەسرە دەبینێت خەڵکی نوێژی نیوەڕۆ ئەنجام دەدەن دوای نوێژ بەکۆمەڵ لەخودا دەپاڕێنەوە بارانیان بۆ ببارێنێت تا نوێژی عەسر بەو شێوەیە بەردەوام بوون دوای نوێژی عەسر بەردەوام بوون ایمامیش لەگەڵیاندا دەپاڕایەوە خەڵکەکە نەیان دەناسی بەڵام باران هەر نەباری خەڵکەکە هەر لە مزگەوت مانەوەو بەردەوام بوون لە پاڕانەوەتا دوای نوێژی خەوتنان دواجار هەر کەسەو بەرەو ماڵی خۆیان بەڕێکەوتن و ایمامیش بەتەنها لەمزگەوت مایەوە و چرای مزگەوتە سادەکەی خامۆش کردوو لەسووچێکی پەرستگاکەیا سەرقاڵی زیکرو دووعاکردن بوو لە ناکاو لەدرنگانکی شەودا پیاوێکی ڕوخسار شێواوی جل و بەرگ دڕاوی هەژار هاتەمزگەوتەکەو دوو ڕکات نووێژی خوێندوو سەیرێکی ناو مزگەوتە تاریکەکەی کردوو دڵنیابوو کەسی لێنیە واتە ایمامی نەبینی دەستە لاوازەکانی بەرزکردووە

دەستی کرد بە نزاکردن ووتی ئەی خوای گەورە ئەی گەورەو خۆوویست و سەروەری من بەندەکانت داوای بارانت لێدەکەن دەپاڕێنەوە لە تۆ هەر بەزیی و کەرەمیان بینیوە هەر وا ئەتناسن دڵشکاون بەدرێژای ڕۆژ دەستەکانیان بەرەو میهر و سۆزی تۆ بەرز کردۆتەوە ئەی خودای گەورەم سوێند بە عەزەمەت و گەورەییت دەستکانم دانانێم تا باران و میهری خۆت دەبارێنیت ایمام دەفەرمووێت سوێند بەخودای گەورە هەورو هەڵاو هەورەگرمە ڕووی ئاسمانی تەنی و تنۆک تنۆک بارانی ئەوین سۆز و میهرەبانی ئەهاتە خوارەوە ایمام دەفەرمێت تەزوویەک بەجەستەمدا هات سەرتاپا سڕی کردم سامێک دای گرتم بیرم لەم پەیوەندیە بەهێزەی ئەم بەندەیە و خوای گەورە دەکردەوە قوڵپی گریان هەناومی تەنی بوو لەخۆشیا ئەگریام ئەم عشقەجوانەم بینی چ دیمەنێکی ناوازە بوو خۆمم بەبەختەوەر ئەزانی کە خوای گەورە من کردۆتە شایستەی بینینی ئەم تابلۆی عشق و جوانیە لەقوڵای بیرکردنەوەدا بووم بەپەلە پیاوەکە هەستاو چوەدەرەوە و منیش خێرا هەستام و دووراودور بەشوێنیدا ڕۆشتم خۆکرد بە ماڵێکی گەوردا منیش بە تۆپەڵەقوڕێک

دیوار و دەرگای ماڵەکەم نیشانەکردوو گەڕامەوە بۆ مزگەوتی شاری بەسرە هەچۆن
بوو ڕۆژم لێبوویەوە لەپاش دەرکەوتنی گزنگی خۆر شەیدایانە بەرەو ماڵەکە ڕۆشتم
لەبەر ئەوەی خەڵکی ئەم شارە نەبووم زۆر بەزەحمەت ماڵە نیشانکراوەکەم دۆزیەوە
بەعشەوە دام لەدەرگاو پیاوێک هات بەدەممەوە فەرمووی لێکردم منیش چومەژورەوە
بینیم خانەی کڕین و فرۆشتنی کۆلەیە منیش تێگەیشتم کە ئەو پیاوە هەژارە ئەو
گەوهەرە عارفە عاشقە لێرە کۆیلەیە بۆیە ووتم هاتووم کۆیلەیک بکڕم زۆر دڵ
خۆش بووم شەرەفمەندبم بەکڕین و ئازادکردنی ئەم گەوهەرە هەموو کۆیلەکانیان
پیشاندام ئەوم نەبینی ووتیان ئەمانە زۆر بەهێز و جوان چاکن تۆ بەدوای چیدا
دەگەڕێیت ووتم کەسی ترتان لانیە ووتیان پیاوێکی لاوازی بەساڵاچوشمان لایە
بەکەڵکی تۆنایەت وەک دەرگەوان کاری پێدەکەین ووتم با بیبینم کە بینیم هەمان
پیاو بوو من گەوهەرێکم دەبینی من دڵێکی پاک و ڕۆحێکی گەش هیمەتێکی وەک
چیام ئەبینی ئەوانیش پیاوێکی جەستەلاواز و بەتەمەن و بێکەڵک ووتم ئەمەم
دەوێت وتیان کەڵکت ناگرێت ووتم من هەر ئەمەم دەوێت بەنرخێکی کەم لێم کڕین

بیری فرۆشتنەکەی یوسفم کەوتەوە علەیهی سەلام کە بەچەند درهەمێکی کەم فرۆشتیان لەو مامەڵەیەدا چەند زاهیدو دنیانەویست بوون . من گەوهەرەکەم کڕی چەندەم خۆش دەویست حەزم نەدەکرد پێشی بکەوم زۆر بەڕێزەوە مامەەم لەگەڵ دەکرد ڕۆشتین پێکەوە پشویەکماندا و پاروویەک نانمان خوارد ویستم هەنێک پۆشاکی جوانی بۆ بکڕم زۆری پێۆش نەبوو لەڕوخسارە چرچ بووەکەی تێر نەدەبووم حەزم دەکرد تووند دەستەکانی بگووشم بەڵام ترسم هەبوو ئاشکرابم بۆیە گەڕاینەوە ماڵ شەو پێکەوە دانیشتین ئەویش هەستی بەوەدەکرد کەمن چەندە پەیوەست بووم پێیەوە ئاخر چۆن پەیوەستی ئەم دڵەنەبم کەلای خوای گەورە نزای ناگەڕێتەوە بەهەرحاڵ بەدەنگێکی نزم بەئەدەبێکی جوان ووتی گەورەم بۆ منت کڕی لەناو ئەم هەموو گەنج و جوانچاکەدا منی لاواز و بێهێزت بۆچیە؟ ووتم بەڕاستی تۆ گەوهەری من ایمامم لای خەڵک پایەو نابانگم هەیە بەڵام تۆ لای خوای گەورە پایەداری و پلەت زۆر لەپێش ئێمەوەیە ووتی گەورەم ایمام تۆ چی دەفەرموویت من کێم من چیم هەژارێک و کۆیلەیکی لاواز ایمام ووتی من ئەزانم تۆ ئەوپیاوەیت ئەمشەوو هاتیتە

مزگەووت مناجاتت کرد لەگەڵ خوای گەورە من گوێبیستی ووشەشیرینەکانتبووم من

ئەزانم تۆ چ عارف و خواناسێکیت تۆ چ عاشقێکیت تۆ بۆنی یوسفت لێدێت ووتی

ایمام منی چی؟ من کۆیلەیکم بزانە کێی تر بووە لێت تێکچوە ایمام ووتی سوێند

بەخودا تۆبوویت دڵنیام لەم ووشانە تەواو نەبوبوم سەری نایە سەرزەوی و ووتی

ئەی سەروەرم پەروەرشیاری خۆشەویستم نهێنی بەینی من و تۆ لای بەندەکانت

ئاشکرابوو ئیتر من ژیانم ناوێت گەڕانەوەم بۆلای تۆ دەوێ ئەی پەروەردگاری

گەورەم داوادەکەم گیانم بکێشیت سوکنای بەڕۆحم بدەیت بەدیداری عاشقان و ئەنبیا

و ساڵحین ایمام دەفەرموویت وەڵاهی سەری هەڵ نەبڕی گیانی سپارد ئای لەم

عاشقە جوانە چۆن لەدەستم فڕی و زیاتر بەهرەرەمەند نەبووم لەو ڕۆژەوە هەموو

کەس لەخۆم بەچاکتر و عارفتر دەزانم زاتی ئەوەم نیە بەکەم سەیری کەس بکەم

ئەترسم ئەوەی لای من پێگەی نزمبێت یەکێک بێت لە ئەولیاو عاشقانی حەق.

بەدەسکاریەوە وەرگیراوە

خاکی ٢٠٢١

## لەکۆتاییدا

## بێڕێزی بە پیرۆزیەکان و هەڵوێستەیەک..................

گومان لەوەدانیە ملوێنەها مسوڵمان لەسەر گۆی زەوی بەتێڕوانینی جیاواز بۆئیسلام هەموویان خۆشەویستیان بۆ زاتی پێغەمبەر درودی خودای لەسەر بێت ڕیشەی قوڵی هەیەو هەمووان بەقوربانی دەبن و وە خۆشویستنی پەیامبەری ئیسلام پایەیەکی گەورەی ئاینەو هەموان لەسەری کۆکن، هەر بۆیە هەر بێڕێزی و تەماسێک بەکەسایەتی ئەم زاتە پیرۆزە تەماسە بەبیرو باوەڕ و پیرۆزیەکان، هەموان بەمەزهەب و مەدارس و ڕەوتە جیاوازەکانەوە ئێشیان پێدەگات و دڵیان دەشکێت و هەڵوێست وەر دەگرن بەجۆرێک دڵەشکاوەکەیان کەمێک سارێژ دەکات، ئالێرەوە دەمەوێت بپرسم ئایا پەیامبەری ئازیز کە پەیامی ئاسمانی هێنا خودی خۆی ئامانج بوو یان پەیامەکەی؟ حەتمەن وەڵام تاڕادەیەک ڕوونە پەیامەکەی ئامانجە گەورەکەیە، لێرەدا ئەمەوێت پرسیارێکی تر بکەم ئایا ئەگەر زاتی موبارەکی پەیامبەر درودی خوای گەورەی لەسەربێت لەژیاندا بوایە چۆن و بەچ جۆرێک مامەڵەی لەگەڵ ئەوانەدا دەکرد کە بێڕێزی پێدەکەن؟

ئایا لەژیانی مبارەکی خۆیدا چەندین جار گوفتار و کرداری ناشایستەی بەرام بەر نەکراوە؟

ئایا هەڵوێست و پەرچەکردارەکانی چۆن بوون؟ لێرەوە دەچمە ناو کرۆکی بابەتەکە ئەم زاتە پاکە نەرمە ڕەفتار شیرینە نمونەی باڵای مرۆڤە و هەموو بەها باڵاکانی مرۆڤی تێدابووە بۆ ئەبەد زەوی مرۆڤێکی دی وەک ئەم زاتە بەخۆیەوە نابینێتەوە ئاخر خودای گەورە لە وەسفی یا دەفەرمێت (وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ)،

الله لەم ئاکار و جوانیە من چی بنوسم کاتێک خالق ی ئەرز و ئاسمان لەلوتکەی ئەخلاقیاتا دای ناویت، ئیتر تۆ بویتە پێوەر ئەخلاقیات و بەهای مرۆڤ بوونت پێ دەپێورێت.

تائێرە لام وایە هەموان هاوڕاین لێرەوە جیادەبینەوە لەبەرام بەر پەرچە کردارەکاندا ئاخر زاتێک بەم جوانیە بەم وەسف و نەرمیە بەم ڕەحمەت و سۆز و عشق و وەفایەوە بەم لێبوردەیی و بەزییەوە کە لەژیان نامەکەیدا هاتوە لەیەکێک لەجەنگەکاندا پاش تەواوبوونی جەنگ پەیامبەری ئازیز بەگۆڕەپانی جەنگەکەدا دەگەڕێت دەبینێت یەکێک لەنەیارەکانی برینداره و خەریکە دەمرێت ئەم زاتە نازدارە دەچێت بۆلای سەری دەکاتە سەر ڕانی پیرۆزی و پێی دەڵێت شایەتی بدە خودا تاک و تەنهایە شەهادەت بدە من پێغەمبەری خودام

ئالێرەوە بۆچونەکان جیادەبنەوە ئەم زاتە پاکە خەمەکانی ئاوێتەی دوای مردن بوە سەرکەوتن و کوشتن و خوێن ڕشتن بەشێک نەبوون لەئامانج و هەرگیس بەکوشتنی بێ باوەڕان دڵخۆش نەبوە و ئەو هاتوە ڕێگەیان پیشان بدات نەک بیان کوژێت

تەنانەت لەگەڵ بێباوەڕێک کە تامردن لەدژی جەنگاوە و خەریکە دەمرێت و هیچ نیازێکی دنیایی پێنیە بەڵام هەر خەمیەتی و بەردەوام هەوڵی نەجات دانی ئەدات خەمی دوای مردنیەتی.

ئەزیزانم لەکۆتایدا پێم وایە شێواندنی پەیامە نەرم و جوان و شیرینەکانی پێغەمبەر بەکاری هەڵەشەیی و کوشتنی نارەوا و هێرشکردنە سەر کەسانی ئامین و بێچەک و سەلامەت و بێتاوان و سڤیل بەبیانووی خۆش ویستنی پێغەمبەر و بەرگریکردن لێی بەڕای من لەبێڕێزیەکانی ناحەزانی پێغەمبەر (سەلام مهری خودای لەسەربێت) گەورەترە و دورە لەبەهابالاکانی ئەم نازدارە ناکۆکە بە بنەماکانی ئاینی ئیسلام و دژە بە دەیان و سەدان دەقی ڕوونی قورانی پیرۆز.

خاکی 2020

## وخیتامه میسک.................

### لەباڵۆڵی داناوە.................

خاتونێکی میهرەبان بەلای باڵۆڵدا (پیاویکی هەژار) تێپەڕی هەستی کرد ئەم پیاوە لەڕووی دەرونیەوە نەخۆشەو لەسەر شەقامەکە ڕاکشابوو دارێکی بەدەستەوە بوو وێنەی دەکێشا لەسەر زەویەکە. ژنەکە زۆر دڵی پێی سوتاو بەزەیی پێدا هاتەوەو لێی نزیک بویەوە و لێی پرسی ئەوە چی دەکیت بۆ لەم شەقامە کەوتویت؟ سەری بەرز کردەوە و بە پێکەنینێکەوە گوتی وێنەی بەهەشت دەکێشم و بەش بەشی دەکەم و دەی فرۆشم.

خاتوونەکە بەهێمنیەکەوە گووتی دەتوانم بەشێکت لێبکرِم ؟ سەیرێکی کردو گوتی بەڵێ دەتوانی ، خاتوون ووتی نرخەکەی چەندە؟ باڵۆڵ ووتی نرخی بە 25 هەزار دینارە، ژنەکە پارەکەی پێداو ووتی ئەوە بەشێکی هی منە و پاشان بەدڵێکی خۆشەوە هەنگاوی دەنا و بەختەوەر بوو کە بەم شێوە توانی هاوکاری ئەم پیاوە بکات و شکۆ مەندیشی بپارێزێت.

ژنەکە شەو لە خەویدا بینی لە بەهەشتدایە و بەشێکی گەورەی بەهەشتی پێبەخشراوە.

بۆ بەیانی خەوەکەی بۆ هاوسەرەکەی گێڕایەوە و پێی ووت کە دوێنێ چی ڕوویداوە لەگەڵ ئەو پیاوەی سەرشەقامەکان.

هاوسەرەکەی هەستا و ووتی منیش ئەچم پارچەیەک بۆ خۆم ئەکرم و زیاتریشی ئەدەمێ، وە کەوتەڕێ بۆ هەمان شەقام و بینی پیاوێکی بەساڵاچووی هەژار لەشەقامەکە دانیشتووە لێی نزیک بویەوە و بە سوکی پێی گوت دەمەوێ منیش پارچەیەک بەهەشتت لێبکرم نرخەی هەچەندبێت پێتی دەدەم، باڵوڵ گوتی نایفرۆشم ، پیاوەکە سەری سوڕما گوتی تۆ دوێنێ پارچەیەکت بە بەهاوسەرەکەم فرۆشت وە بە 25 هەزار من زیاترت پێدەدەم

پیاوە هەژارەکە گوتی هاوسەرەکەت نەی دەویست بەهەشت بکرێ بە پارە بەڵکو ئەو ویستی دڵنەوایی من بکات و هاوکاری من بکات و بەو شێوەیە دڵم خۆش بکات بۆیە بەهەشتی بەدەست هێنا

بەڵام تۆ دەتەوێ بەهەشت بکڕیت بەهەشتیش بە پارەناکڕێت

وەرگیراوە دەسکاریەوە .

## ئێستا با بزانیین لەروی رۆحیەوە لەکوێداین................

مەبەستمە بلێم بزانین لەڕووی ڕۆحیەوە چۆنین بەرامبەر بە خوای گەورە تێڕوانینمان چۆنە ئایا توانا ڕۆحیەکانمان باڵایە ئەتوانین زوو درک بە بەخشش و نیعمەتەکان بکەین یان هەمیشە بۆڵە و گلەیی و گازندەمانە لە حاڵ و بەختی خۆمان تەنها ئەم کورتە چیرۆکەی هەیاسی خاس کە دەمام و دەم گەشتووە و من سەرچاوەی راستەقینەی ئەم چیرۆکەم نەدۆزیەوە ولێ هەچۆن بێ پرپرە لە عیبرەت و وانە و من وائەزانم تێستێکە بۆ خودی خۆمان تابزانین ئێمە لەکوێی بەخششەکانداین بفەرموون:

رۆژێک هەیاس ی خاس لەگەڵ گەورەکەیدا لەسەفەرێکدا پێکەوە دەبن پاش ئەوەی ماندودەبن گەورەکەی دەڵێت هەیاس کۆڵەکەت دانێ باشتێ بخۆین لەسێبەری دارێکا پشوو ئەدەن، گەورەی هەیاس دەست دەبات کالەکێک لەت دەکات و قاژێک ئەداتە دەست هەیاس ئەویش دەست بەخواردنی دەکات زۆر بەکەیفەوە و بەشەوق و خۆشی ئەیخوات و بەپەلە پەل تەواوی دەکات گەورەکەی قاژێکی تری دەداتێ ئەویش خۆشتر و خێراتر ئەخوات و سەرنجی گەورەکەی بۆخۆی ڕادەکێشێت ئەویش کەدەبیێتێن هەیاس ئەوەندە بەعەزرەتەوە ئەیخوات قاژێکی تری پێدەدات و بەوشێوەیە هەموو کاڵەکەکە دەخوات تەنها یەک قاژ بەدەستی گەورەکەیەوە

**دەمێنێت، گەورەکەی هەیاس دەڵێت با ئەم قاژە خۆم بیخۆم و قەپێک لە قاژەکەی دەستی دەدات و بەپەلە تفی دەکاتەوە و ڕودەکاتە هەیاس و پێی دەڵێت ماڵ کاول ئەو ژەقنەمووتە چیە بۆ ئاوا وەک هار دەت خوارد ئەوە ئەڵێی ژەهرە ئەوەندە تاڵە، ئەویش ئەڵێت گەورەم من چەندین ساڵە نا نی ماڵی ئێوە دەخۆم بەڕوی گەش و تامی شیرین و ڕێز و ئیحترامەوە تەنها ئەم جارە کاڵەکێ تاڵت پێدام چۆن بیکەمە هەڵاو گلەیی .**

**خاکی ٢٠١٦**

✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱

**سڵاو لەنێرگز بۆن خۆش و جوانە**

**مژدەی هەناسی تازەی ژیانە**

**هەم بۆن هەم روخسار هەردوک دڵگیرن**

**وێنە و ئاکاری مرۆڤی ژیرن**

✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱✱

## ووتەی کۆتایی...................

### بۆ کوێ هەنگاو ئەنێت؟

هەر مرۆڤێک لەپێناوی شتێکدا هەنگاو دەنێت،هەوڵی بۆ دەدات،فیداکاری و بەختکاری بۆ دەکات، بۆی دەژی،هەردەم بیری ئالودە بووە پێیەوە بووە بەژیانی راستەقینە و بەهای پیرۆزی وەرگرتوە لەلای ، ئیتر لە هەرکوێ و هەرچۆن دێت و دەچێت دەگاتەوە بەردەرگای هەوارە بەپێزەکەی، هەواری ئۆخەی ماڵی کامەرانی مەنزڵی ووچان و سێبەری بێخەم، ئێستە رەنگە کاتی ئەوەبێت بپرسین ئالەم ئارامگایە بەشێکت هەیە؟ یان نا؟. ئایا شەو لایلایەی درۆینەت بۆدەکات و دەتخەوێنێت و رۆژیش بەگاڵتە وبزەی حەسرەتاویەوە تێپەرت دەکات؟ کام خەونت کردۆتە هەمیشە بەهاری خۆت؟ بەرە و چەند بەهار رۆشتیت و گەڵارێزان و مەرگەسات بوو، بەدەم ئاوازی چەند بول بولەوە کەیفت کردوە و دواجا زانیوتە شیون دەکەن و گۆرانی ناڵێن.

ئێستە جێی خۆیەتی بڵێی ئەی جەناتب چەند گۆمە قوڕت شڵەقاندووە وئێستا بۆ بۆنی گوڵستانت ناکەین؟ تۆ بۆ چی دەژیت؟ کام خەیاڵەت کردوە بەکەپری عشق و کام تۆوەت بەئەسرینی چاوە بەهاریەکانت سەوز دەکردوە؟ بەڵی راست دەکیت لەوانەیە گاڵتەت بە وشەکانم بێت و هەروابزانی نمایش و خۆتاقی کردنەوەیە هەڵبەتە هەق بەتۆیە چونکە کۆمەڵگا شوێن پەنجەی لەسەر بیرو جەستەمان داناوە بەهەرحاڵ ئەوی من بۆی دەژیم و بووە بە پیرۆزی و هەوڵی بۆ دەدەم ئامادەی بەخت کاریشم لەپێناویا بوەتە سیمای هەنگاوەکانم برتییە لە گێڕانەوەی پیرۆزی بۆ مرۆڤە کان هەر وەک خۆیان کە پیرۆزن بەدەر لە بیرو بۆچون و ئینتیما تەنانەت ئاینیش (ئەمەش پیرۆزی و ڕێزە خوای گەورە داویەتی بە مرۆڤەکان ).

*************************************

وصلی الله علی ئەو بەحری نوری عیلم و عرفانه

کە دەرکی غەوری ناکا غەیرو علم الله سبحانه

*************************************



## بەهارستانی ڕۆح

لێرە هەواری عیشقی پیرۆزمان هەڵداوە
دەبینەوە بە منداڵ لە دڵدا
دەبینەوە چیا لە هێزدا
دەبینەوە دایک لە سۆزدا
دەبینەوە ڕووبار لە هەوڵدا
لێرە دەبینەوە بە پەڕە سپیەکانی ئادەم
دەچینەوە بەهەشتی عشق و رق ناناسینەوە
لە سوجدەی موحیبەتتدا لە هۆش دەچین
و دەچینەوە بەهارستانی ڕۆحەوە

د.خاکی